# گەڵەکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٧)

یەکشەممە ٢٠٢٥/١/٥


## هەولێر چیتر تینوو نابێت

# پرۆژە گەورەکە پێش وادەی خۆی تەواو دەبێت



دیمەنێکی پرۆژەی فریاگوزاریی ئاوی هەولێر کە ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێر کاری تێدا دەکرێت

وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

# کارکردن لە پرۆژە گەورەکە بەپێش وادەی دیاریکراوی خۆی دەکەوێتەوە

**ڕێبەند سەعدوڵا**

کارکردن لە پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر کە لەلایەن کۆمپانیای (هێمن گرووپ)ەوە جێبەجێ دەکرێت، بەپێش وادەی دیاریکراوی خۆی دەکەوێتەوە و لە ماوەی چوار مانگدا نزیکەی نیوەی پرۆژەکە تەواو کراوە.

ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند بەشێکی پرۆژەکە تەواو بووە، ڕۆژانە و شەوانە هەزاران کرێکار بە سێ شەفت کار لە پرۆژەکەدا دەکەن، تەنانەت ڕۆژانی سەری ساڵی نوێش کارکردن لە پرۆژەکەدا نەوەستا، هەروەها سەدان ئامێری جۆراوجۆر تەرخان کراوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە.

پرۆژەکە لە سێ بەشی سەرەکیی پێک هاتووە کە ئینتەیک لەسەر ڕووباری زێی گەورە نزیک گوندی کەوروگۆسکە، لەگەڵ وێستگەی پاڵاوتن و چارەسەرکردن لە نزیک گوندی گاینج و وێستگەی دابەشکردنی سەرەکی لە نزیک گوندی سێبیران و هێڵەکانی گواستنەوە بە تیرەی جیاواز، ئێستاش لە ٣٠ شوێنی جیاوازدا کار لە پرۆژەکەدا دەکرێت.

بەپێی گوتەکانی بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ، درێژیی بۆڕیی پرۆژەکە دەگاتە ٢٠٤ کیلۆمەتر بە تیرەی جیاوازی وەک ١٦٠٠ ملم، ١٥٠٠ ملم، ١٢٠٠ ملم و ٨٠٠ ملم و چەند تیرەیەکی بچوکتر، بۆ قۆناغەکانی داهاتووش تەواوی کەلوپەل و پێداویستییەکانی پرۆژەکە لە بەشی میکانیکی و کارەبایی و بۆڕییەکان داوا کراوە و لە دەرەوە هاوردە دەکرێن.

پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر زیاتر بۆ ئەو گەڕەکانەی هەولێرە کە لە پرۆژەکانی ئیفراز یەک، دوو و سێدا ئاویان بۆ دابین نەکراوە، لە ڕێگەی ئەم پرۆژە نوێیەوە ئاویان پێ دەگەیەندرێت، بەتایبەتیی ئەو شوێنانەی کە لە هاویندا کێشەی کەمئاوییان هەیە و ئەو شوێنانەش کە پشت بە ئاوی بیرەکان دەبەستن، وەکو ناوچەکانی دەوروبەری شار، سنوورەکانی دارەتوو، کەسنەزان، بنەسڵاوە، شاوێس، پیرزین، بەحرکە، سێبیران و عەنکاوە.

ئاری ئەحمەد دووپاتی دەکاتەوە کە پرۆژەی فریاگوزاری زۆرتر ناوچەکانی نێوان هەردوو جادەی ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری دەگرێتەوە، لەگەڵ بەشێک لە ناوچەکانی دەرەوەی ١٥٠ مەتری و ناوەوەی ١٢٠ مەتری.

دەشڵێ بەپێی لێکدانەوەی ئەندازیاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی هەولێر، پێشبینی کراوە ئەو پرۆژەیە پێداویستیی ئاوی هەولێر بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوو دابین بکات، بەڵام ئەوە پەیوەستە بە بەردەوامبوونی ئەو ڕیتمی پەرەسەندنەی ڕێژەی دانیشتوانی شار و فراوانبوونی ئاوەدانیی شار کە ئێستا هەیە، لەوانەیە ئەو ماوەیە درێژتر بێتەوە ئەگەر ریتمەکە هێواش بێتەوە، وەک چۆن ئەگەر ڕیتمەکە خێراتر بێت و ڕێژەی دانیشتوانی شار زۆرتر بەرز بێتەوە و ڕووبەری شار فراوانتر بێت، بۆی هەیە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵە کورت بێتەوە یان پرۆژەی تر بکرێت بۆ دابینکردنی ئاوی زیاتر بۆ ماوەیەکی درێژتر.

پلانی دروستکردنی ئەم پرۆژەیە، وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە رای گەیاند، پاش ئەوە بووە کە کۆمپانیایەکی بیانی سەرکەوتوو نەبووە لە دروستکردنی پرۆژەی ئیفراز چوار و زیادکردنی قەبارەی ئاوی دابینکراو، ئەوە بوو ئەم پرۆژە فریاگوزارییە داڕێژرا کە لەلایەن کۆمپانیای (هێمن گرووپ)ی خۆماڵییەوە جێبەجێ دەکرێت.

ژمارەی دانیشتوانی هەولێر لەم پرۆژەیەدا بە یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس خەمڵێندراوە و پێشبینییش کراوە لە ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوودا ژمارەکە بۆ دوو ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس بەرز بێتەوە.

ئێستا لە شاری هەولێر نزیکەی ١٤٠٠ بیری ئاوی خواردنەوە هەن، پلانی حکوومەت ئەوەیە لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا ١١٠٠ بیر دابخرێن.

لە کاتێکدا ماوەی ساڵێک و نیو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو داندراوە، بەڵام ئاری ئەحمەد دەڵێ کۆمپانیای (هێمن گرووپ) کە چوار مانگە دەستی بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە کردووە، پلانی هەیە لە ماوەی نێوان ١٢ تا ١٤ مانگدا پرۆژەکە پێش وادەی دیاریکراوی خۆی تەواو بکات و پێشبینییش دەکەن لە هاوینی ساڵی نوێدا ئاوی ئەو پرۆژەیە بگاتە چەند گەڕەکێکی هەولێر.

ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەیەکی گەورەی فریاگوزاریی دابینکردنی ئاوی بۆ شاری هەولێر بە گوژمەی (٤٨٠) ملیۆن دۆلار دانا و رایگەیاند ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە کێشەی کەمئاوی لە هەولێر بۆ لانی کەم (٣٠) ساڵی داهاتوو چارەسەر بکات

تا ئێستا سێ وێستگەی پاڵاوتنی ئاو کە بریتیین لە (ئیفراز ١، ئیفراز ٢ و ئیفراز ٣) ئاوی خواردنەوەیان بۆ نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی هەولێر دابین دەکرد، کێشە تەکنیکییەکان، لەوانە دروستبوونی لافاو و شکانی بۆڕییەکانی ئاو بە شێوەیەکی بەردەوام و زۆر جار بۆ ماوەیەکی زۆر بوونەتە هۆی پچڕانی ئاو، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا.

دانانی پلانی دروستکردنی ئەم پرۆژەیە، وەک حکوومەتی هەرێم دەڵێ پاش ئەوە بووە کە کۆمپانیایەکی بیانی سەرکەوتوو نەبووە لە دروستکردنی پرۆژەی ئیفراز چوار و زیادکردنی قەبارەی ئاوی دابینکراو.

ئەم پرۆژە فریاگوزارییە خێرایە، ئاو لە ڕووباری زێی گەورەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو لە دەوروبەری هەولێر دەگوێزێتەوە؛ لەوێ (٤٨٠) هەزار مەتر سێجا ئاو دەپاڵێورێت و دەکرێتە ناو تۆڕەکانی ئاوی ناو شاری هەولێر، کە دەوترێت ئەم بڕە ئاوە خاوێنە پێداویستیی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس دابین دەکات. هەروەها توانای ئەمبارکردنی (٣٠٠) هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە و لەڕێی چوار بۆریی جیاوازەوە ئاو دەگەیەنێتە لانی کەم ٢٠ ناوچەی قەرەباڵغی هەولێر.

# ڕۆژانە هەزاران گەشتیاری عێراقی سەردانی چیای کۆڕەك دەکەن

**دهۆك بەڕۆژی**

ئەمساڵیش لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی بەفربارین، هەزاران گەشتیاری عێراقی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ سەردانی سەیرانگە ساردەکانی وەک چیای کۆڕەک و شنگلبانەی ڕواندز.

ساڵ بەساڵ ئەستێرەی گەشتیاریی زستانەی دەڤەری سۆران بەرەو هەڵکشان دەچێ، دیمەنەکانی بەفر بارین لە چیای کۆڕەک، برادۆست و حەسەن بەگ بوونەتە جێی بایەخی کۆمپانیا گەشتیارییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

نەشمە عەدنان کە کارمەندی کۆمپانیایەکی گەشتیاریی عێراقیە، بۆ (گڵگەند)ی ئاشکرا کرد ئەوان لەم وەرزی زستانەدا گەشتیار لە شارەکانی بەغدا و بەسرا و چەند شارێکی تری عێراقیشەوە دەهێنن، زیاتریش ڕوو لە چیای کۆڕەک و شنگلبانەی ڕواندز دەکەن، ئێستاش ڕۆژانە زیاتر لە دوو هەزار گەشتیار تەنها لە ڕێگەی کۆمپانیەکەی ئەوانەوە دەگەنە چیای کۆڕەک.

لای خۆیەوە عەلا فەهد گەشتیارێکی عەرەبی عێراقیە گوتی «ئێمە لە بەغداوە هاتووین، خۆتان دەزانن رەوشی بەغدا و عێراق بەگشتی چۆنە، ئیتر هاتووین لەناو سروشتی کوردستاندا پشوویەک بدەین و بحەسێینەوە، بەڕاستی کەشوهەوای زستانەی چیای کۆڕەک سەرسوڕهێنەرە».

هەروەها بوشرا ئەحمەد گەشتیارێکی تری عەرەبی عێراقە و بۆ یەکەم جارە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە بەسرەوە هاتووە بۆ چیای کۆڕەک، دەڵێ باوەڕی نەدەکرد ئەو دیمەنە سروشتیە سەرسوڕهێنەرانە بە چاوی خۆی ببینێت، ئاماژەش بەوە دەکات کە مامەڵەی خەڵک زۆر باشە لەگەڵیاندا، سەرباری ئەوەی شوێنە گەشتیارییەکە سەرنجڕاکێش زۆر پاکوخاوێنە.



محەمەد قەیس گەشتیارێکی ترە و سەرەتا سەردانی هەولێر و قەڵاتیان کردووە، دواتر هاتوونەتە کۆڕەک، چوارەمین جاریەتی بۆ گەشتکردن سەردانی ناوچەکە بکات، دەڵێ زۆر ئاسوودەن و ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەک نەبوونەتەوە.

کچێکی تری عێراقی لە شاری ئەنبارەوە بە ناوی سەما عەلی ڕووی لە چیای کۆڕەک کردووە و هاتووە یەکەم بەفری ئەمساڵ ببینێت، پێشتریش چەند جارێک لە زستاندا سەردانی کۆڕەکی کردووە.

لای خۆیەوە پارێز یوسف بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری ڕواندز بە (گڵگەند)ی ڕاگەیاند ساڵانە بەفر ژمارەیەکی زۆری گەشتیار ڕادەکێشێتە سنوورەکە، بەتایبەتی گەشتیاران ڕوو لە چیای کۆڕەک دەکەن، ئەمەش وا دەکات جموجۆڵێکی گەورە بکەوێتە کەرتی گەشتیاریی زستانە.

ساڵانە لە وەرزی زستاندا کۆمپانیاکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە گەشتیار دەهێننە کوردستان، ئێستاش ڕۆژانە سەدان گەشتیار سەردانی چیای کۆڕەک دەکەن.

# چەند گوندێکی هەولێر ڕوو لە وزەی خۆر دەکەن



**هەژار مەجید**

ماوەی چەند ساڵێکە ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبا، دەستیان بۆ وزەی خۆر بردووە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی موەلیدەی ئەهلی لەو گوندانە و کەمی خەرجیی بەرهەمهینانی کارەبای وزەی خۆر، سەرباری ئەوەی ئەم ڕێگەیەی بەدەستهێنانی وزەی کارەبا دۆستی ژینگەیە.

«مەنتیقەی مە مۆلیدەی لێ نەبوو، ناعیلاج فکرمان لەو چتە نوێیەی کردەوە»، ئەوە قسەی رزگار بایزی تەمەن ٥٢ ساڵە، دانیشتووی گوندی کەردزی سنووری قوشتەپەیە، بە پیشەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵییەوە سەرقاڵە، بەهۆی نەبوونی مۆلیدەی ئەهلی لە گوندەکەیان، وەکو زۆر خەڵکی تر ناچار بوون بە دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، باشترینیشیان بەلای ئەوانەوە بەرهەمهێنانی کارەبا بوو لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە.

رزگار بایز بۆ (گڵکەند) باس لەوە دەکات کە تەنها کارەبای نیشتمانیان هەیە، بۆیە وەک خۆی دەڵێ «فکرمان لەوەی کردەوە پشت بە تاقەی شەمسی ببەستین، ئێستا لە ٩٥ ماری گوندی کەردز، ٥٠ مار کارەبای تاقە شەمسیمان هەیە«.

ئەو ماوەی دوو ساڵە بە چوار لەوحە زیاتر لە ١٠ ئەمپێر کارەبای لە ڕێگەی وزەی خۆر بۆ ماڵەکەی دابین کردووە، گرفتی کارەبای نەماوە، پێشنیاز دەکات خەڵکی شاریش فێر بن لەو ڕێگەیەوە کارەبا دابین بکەن.

بەگوتەی ئەو گوندنشینە، جگە لە خەرجی کڕین و بەستانی لەوحەکان، کارەبای وزەی خۆر هیچ خەرجییەکی تری نییە، سەرباری ئەوە کە نابێتە هۆی پیسبوونی کەشوهەوا و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

جەلال عوسمان تەمەن ٥٠ ساڵ دانیشتووی گوندی گۆمەگڕووی سنووری قوشتەپەیە، لە سەربانی ماڵەکەیدا پێنج لەوحەی داناوە و نزیکەی ١٥ ئەمپێر کارەبا دابین بکات، بە (گڵکەند)ی گوت لەوحەکان دوو پاترییان لەگەڵە، شەوانە ئیش بەو پاتریانە دەکەن، بە ڕۆژیش لەوحەکانیش ڕاستەوخۆ وزە لە خۆر وەردەگرن بۆ دابینکردنی کارەبای ماڵ.

دەشڵێ ئەو کارەبایەی لە وزەی خۆر دەستیان دەکەوێت، جگە لە ڕووناکی، توانای کارپێکردنی سەرجەم ئامێرە کارەباییەکانی ماڵەوەی هەیە.

ئاماژە بەوەش دەکات کە بەشێک لە جووتیاری گوندەکانی دەڤەرەکەی ئەوان بۆ دابینکردنی کارەبای پێویست بۆ بیری ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکان، سوود لە وزەی خۆر وەردەگرن و لەوحەکان لە خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابوون کار دەکەن.

زیاد عەزیز، ئەندازیاری ڕاوێژکاری کارەبا، کە چەند ساڵێکە لەو بوارە کار دەکات، دەڵێ ئەو کاتەی تیشکی خۆر بە ستوونی لە لەوحەکە دەدات، باشترین کاتە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، هەروەها باشترین پلەی گەرمی ٢٢ پلەی سیلیزییە، دەشڵێ کەشوهەوای کوردستان زۆر لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر.

ئاماژە بەوەش دەکات کە هەر لەوحەیەک ٢,٢ ئەمپێر کارەبا بەرهەم دەهێنێت، دەتوانرێ ٢٥ ساڵ کاری پێ بکرێت، هەروەها لە کارەبای وزەی خۆر بەرزی و نزمی ڕوونادات، بۆیە هیچ جۆرە مەترسییەک دروست نابێت.

لەبارەی پێکهاتەی لەوحەکەشەوە کە ناوە زانستییەکەی (سۆنەڵ پەنەڵ)ە، دەڵێ پێکهاتەکەی جۆرە لمێکە پێی دەگوترێ لمی سلیکا کە لە وڵاتانی چین و ئەندەنووسیا و مالیازیا زۆرە.

زیاد عەزیز بە پێویستی دەزانێت گرنگی زیاتر بە بەرهەمهێنانی کارەبا بدرێت لە ڕێگەی وزەی خۆر، چونکە هۆکارێکە بۆ پاککردنەوەی ژینگە و بەخۆڕایی لە سروشتەوە دەست دەکەوێت.






عەبدولباسیت فەرهادی

## دۆلاراوە و ساسۆن حسقێل

لە کۆتایی حەفتاکان خولێکی هاوینەمان هەبوو، لە دادگای هەولێر قوتابییانی دواساڵەکانی کۆلێجی یاسا ڕاهێنانمان دەکرد، ئەوکات دادگا لەلای قەڵاتی هەولێرێ بوو، هێشتا گەڕەکە نوێیەکان بنیاد نەنرابوون.

ژووری پارێزەران لە دوو ژوور پێکهاتبوو، ژمارەی پارێزەرانیش چەند پارێزەرێک بوون کە زۆربەیان ناسراو و کەسانی بەوەج و پۆشتە بوون. هەر لەو ژوورانە کەسانێکی بە ئەزموون و بەتەمەنت دەبینی، هەندێکیان مامۆستا یا خاوەن پۆست و پلەی فەرمانبەرایەتی بوون و دوای خانەنشینبوونیان، کاری پارێزەرایەتیان دەکرد، کەسانی کوردپەروەر و خاوەن رابردووەکی پڕ شکۆ و سەروەری بوون

ڕۆژێک بە بەردەم ژووری پارێزەراندا چووم، حاڵەتێکی ئاسایی نەبوو، لە کۆتایی ژوورەکە چەند پارێزەرێک و حاجی ئەحمەد شێروانی بەژن درێژی بەشان و شەوکەت و حەرارییەکەی کە سام و هەیبەتێکی هەبوو، هەرچەندە کاری بەردەست بوو لە دادگای بەرایی، مقۆمقۆیان بوو، مامۆستا عەبدولحەکیم ئەفەندی کە کاتی خۆی لە قوتابخانەی بۆتانی سەرەتایی بەڕێوەبەرمان بوو، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی کۆلێجی مافی زانکۆی (ئەلحیکمە)ی ئەهلی کە تاکە زانکۆی ناحکومی بوو لە عێراق و دواتر ناوەکەی کرایە (ئەلموستەنسەرییە) و دوای خانەنشینبوونی وەک هەندێ مامۆستای دیکە، کاری پارێزەرایەتی دەکرد، لەگەڵ ئەوانی دیکە وەستابوو و منیش وەستام تا گوێم لە قسەکانیان بێت

عەبدولحەکیم ئەفەندی دەیگوت ”قەت شتی وا نەبووە، کاتی حوکمی مەلەکی ئەوکاتەی ساسۆن حسقێلی جوو وەزیری دارایی بوو و باری عێراق لە ڕووی داراییەوە شپرزە و ناهەموار بوو، نەیانتوانی مووچەی مووچەخۆران بدەن کە بودجەی مەملەکەتی عێراق چوار ملیۆن و شتێک بوو، بە ناچاری ئەو بڕە پارەیەیان لە خودی ساسۆن حسقێل قەرد کرد، چونکە لە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەندی جوو بوون و توانیان مووچەی پێبدەن و بودجەی ئەوساڵی پێ دابین بکەن، ئێستاش لەو دادگای بەراییەی هەولێرێ پارچە زەوییەک ئیستیملاک بکرێ و پتر لە چوار ملیۆن دینار وەک قەرەبوو بدرێتە خاوەنەکانی، بەڕاستی جێی سەرسڕمانە“.

ئەوکات زانیم ئەو پارچە زەوییە بەتاڵەی نێوان بەنزینخانەی شۆڕش و گەڕەکی حەفتی نیسانی ئەوکات (ڕاپەڕینی ئێستا)، کە موڵکی خانەوادەی چەلەبییەکان بوو، بەو بڕە پارەیە قەرەبوو کراوە و زەوییەکە دواتر پارچە پارچە کرا و خانووی نوێ و جوانی لێ کرا و ناویان بە (دۆلاراوە) ناوزەد کرد کە لە دوای ڕاپەڕین بە گرانترین زەوییەکانی شار دادەنرا.

ئەوکات نرخی یەک دیناری عێراقی لە سێ دۆلار پتر بوو، واتە زەوییەکانی دۆلاراوەی هەولێرێ بە دوازدە ملیۆن دۆلار یا کەمێک زیاتر لەلایەن شارەوانییەوە قەرەبوو کرا، جێی سەرسڕمان بوو، ئەوکات هەولێر بچوک بوو و پارەش وا زۆر نەبوو و دەوڵەمەندەکانیش کەسانی ناسراو و بە پەنجەی دەستان دەژمێردران و دەشزاندرا سەرچاوەی پارە و داهاتەکانیان چییە؟

ئێستا هەولێر، هەولێرەکەی جاران نییە، لە هەموو ڕووەک ژمارەیە لەسەر ئاستی جیهان و لە هاوکێشەکان حیسابی بۆ دەکرێ.




وێنە: شڤان هەرکی

# ئەو گوناحەی کەوبازەکانی هەولێر پێیان تەرك ناكرێت

زیرەک تاریق

لە بەرزایی کۆڵانێکی گەڕەکی تەیراوە، خانووێکی کۆن کراوەتە چایخانەی کەوبازان، هەموو ڕۆژێ لە دوای نیوەڕۆوە تا درەنگانی شەو جمەی دێت.

لە دەرگایەکی بچووکەوە دەچیتە نێو چایخانەکە و حەوشەیەکی فراوانی لەناودایە، دەنگی قاسپەی کەو لە باخچەی حەوشەکە دەبیستی، هەر کەوە و بە ئاوازێک دەخوێنێت، لەنێو خانووەکەدا کەوبازان بە دەوری یەکدا کۆبوونەتەوە و لە کەشێکی ساردی زستاندا بەدەم چای خواردنەوەوە گفتوگۆی گەرم دەکەن.

لە بەشی دواوەی چایخانەکەدا گۆڕەپانێکی گەورەی تەختی لە لم دروستکراو دەبینی کە بەدەوریدا شوێنی دانیشتنی خەڵک هەیە، لە گۆڕەپانێکی بچوککراوەی شەڕ دەچێت.

عەبدولوەهاب ڕەسوڵ فەقێ تەمەن ٧٢ ساڵ، خاوەنی ئەو چایخانەیە، بەدیار سۆپایەکی دارەوە کەوتە گێڕانەوەی یادگارییەکانی، کاتێک تەمەنی ١٤ ساڵ بووە لە ڕێگەی چەند وەستایەکی خۆی کە نەقاڕ بوون، ئاشنای کەو بووە. هەروەها باسی دروستبوونی چایخانەکەی بۆ (گڵکەند) دەکات کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە هەمان ئەو شوێنەی ئێستا چایخانەی کەوبازانی دروست کردووە، سەرەتا خانوویەکی بچووکتر بووە.

مام عەبدولوەهاب ئێستاش بەردەوامە لە بەخێوکردنی کەو، سەرنجی قسەکانی دەخاتە سەر کەوبازی و گۆڕەپانی شەڕەکەو لە چایخانەکەیدا و دەڵێ «چوار جار دەستم لە کەعبە داوە، داوام لە خودا کردووە کەوبازیم لەبەرچاو بخات، بەڵام کە دێمەوە کەو دەبینم، دێمەوە سەر بەزمی جاران». ئەو لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە بە منداڵەکانی گوتووە لە دوای خۆی بەردەوامی بەو کارە نەدەن.

لە وەرزی پایز و زستان و بەهاردا، هەموو بەیانیانی ڕۆژانی هەینی لە کاتژمێر ٨ی بەیانی کەوبازانی هەولێر و دەوروبەری و ژمارەیەکیش لە کەوبازانی شارەکانی دیکە دێن بۆ گۆڕەپانی شەڕەکەوی چایخانەی کەوبازان لە هەولێر. دەیان کەوباز بە دەوری گۆڕەپانەکە کۆبوونەتەوە، هەر کەوبازە و قەفەسی کەوەکانی لەبەردەمی خۆی داناوە و چاوەڕێی ڕکابەرەکەی دەکات بۆ ئەوەی بچنە نێو گۆڕەپانەکە، لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا دەبێت کەوێک براوە بێت و ئەوەی دیکە ببەزێت.

دیدار ئیبراهیم کاکۆ، تەمەن ٧١ ساڵ خەڵکی هەولێرە، لە گۆڕەپانەکە هەمووان بە مام دیدار بانگی دەکەن، باس لەوە دەکات کە لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە کەوی بەخێو کردووە و هەر کاتێک کەوێکی جوان دەبینێت یان لە شەڕدا باشە، چاوی دەچێتە سەر کەوەکە و دەڵێ «هەر کەوەکی دەبینم درم پێی ئەبیتەوە». مام دیدار ئاماژە بە شەڕەکەوی گۆڕەپانەکە دەکات و دەڵێ «ئەو شەڕە گوناحەکی گەورەیە و پێمان تەرک ناکرێت»، حەز ناکات کەس فێری شەڕەکەو بێت و بە هیوایەتێکی خراپ ناوی دەبات.

لە شەڕەکەودا، هەر کەوێک لە گۆڕەپانی شەڕەکە براوە بێت نرخی بەرز دەبێتەوە و دەبێتە شانازی بۆ خاوەنەکەی، بەڵام کەوی بەزیو نرخەکەی دادەبەزێ و زەرەرێکی گەورە بەر خاوەنەکەی دەکەوێت.

لەو چایخانەیەدا نرخی کەو جیاوازە، کەوی چیا باش و جوان بێت نرخی لە ١٠٠ دۆلاری ئەمریکییەوە دەست پێ دەکات تا دوو هەزار دۆلار دەڕوات. لە کاتێکدا کەوی کێڵگەی پەلەوەر کە لە بازاڕ دەفرۆشرێ، نرخیان لە نێوان ١٠ هەزار تا ٢٠ هەزار دیناری عێراقیە،

لە قەبارەشدا نێرەکەو لە کەوی مێ گەورەتر و جوانترە.

مام دیدار ئاماژە بەوە دەکات کەوبازی و شەڕەکەو زیانی زۆری مادی پێ گەیاندووە و دەڵێ «کەوم بە ١١٠٠ دۆلار کڕیوە، کەچی لە گۆڕەپانەکە بەرانبەر کەو بەزیوە و بە ١٠٠ دۆلار فرۆشتوومەتەوە». بۆیە داوا لە گەنجان دەکات قەت بیر لە کەوبازی و شەڕەکەو نەکەنەوە، خۆشحاڵیشە کە منداڵەکانی نەچوونەتەوە سەر ڕێی ئەو و کەیفیان بە کەو نایەت.

کەوی چیای قەرەچووغ یەکێ لە بەناوبانگترین جۆرەکانی کەوی چیایە و بە ڕەنگە سپیەکەی دەناسرێتەوە، کەوی چیای شەنگالیش ڕەنگی سوورە و کەوی چیای سەفینیش ڕەنگی شین باوە.

ساڵانە لە مانگی مایسدا کەوەکان کورک دەبن و زاوزێ دەکەن، لە هەر کورکبوونێکدا ١٠ تا ٢٠ بەچکەی تازە دروست دەبن. بۆ ئەوەی بەتەواوی گەورە ببن پێویستیان بە چوار تا پێنج مانگ هەیە، کەوبازەکان بۆ ئەوەی زووتر لەو کاتە کەوەکان بخەنە نێو گۆڕەپانی شەڕەوە، بە گڵۆپ کەوەکان گەرم دەکەن و وایان لێ دەکەن زیاتر شەڕ بکەن.

بەختیار حەکیم تەمەن ٤٠ ساڵ دانیشتووی هەولێرە و لە گۆڕەپانی چایخانەی کەوبازان بەدیار شەڕەکەو وەستاوە و باس لەوە دەکات کە ئەگەرچی ئەو دژی شەڕەکەوە و بەلای ئەوەوە کەو جوانییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام هەندێک کات بۆ سەیرکردنی کەو دەچێتە ئەو چایخانەیە، پێی وایە ئازاردانی کەوەکان و بەکارهێنانیان بۆ شەڕ ناڕەوایە و تاوانێکی گەورەیە. بەختیار ئاماژەش بەوە دەکات کەوەکان هی ئەوە نین لەناو قەفەسیان بکەن و شەڕیان پێ بکرێت، بەڵکو جێگەی ئەوان ناو سروشت و چیاکانی کوردستانە.

دوای کاتژمێرێک لە شەڕی دەیان کەو لە گۆڕەپانەکەدا، بردنەوەی هەندێک و بەزینی هەندێکی تر لە کەوەکان، کەوبازەکان کەوەکانی خۆیان خستەوە نێو قەفەسەکانیان و لەگەڵ خۆیانیان بردنەوە.

کەو کە بە (پاشای چیاکان) ناودەبرێ و بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەبینرێن، لە بەرزایی نێوان ١٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە دەژین.

شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

## پێڵاو

منداڵ بووم. بابم، برا گەورەکەمی ڕاسپارد پێڵاوێکم بۆ بکڕێت، ئەویش بە قولانجەکانی پاپێویی کردم، چووە بازاڕ و بە زەوقی خۆی پێڵاوێکی لاستیکی شینی بۆ هێنام، لە پێیان هەڵکێشام، پڕ بە پێم بوون. شەو پێڵاوەکەمم لەگەڵ خۆم بردە ژێر لێفەکەم دەمگوت دەبێ کەی بەیانی بێتەوە تا لە پێیان بکەم! بەڵام بێئاگا خەو بردمیەوە، وەک ئەوەی چرکەیەک نێوانی بیرکردنەوە و خەوەکەم بێ لەهیکڕا ڕابووم، دەمێک بوو بەیانیی دابوو، لەنێو نوێنەکەم دەرپەڕیم.


وەرزەکەی زستانێکی پڕ سەقەم بوو. سبەینەکەی بە پێڵاوە نوێیەکەم لە حەوشەی ماڵەوە جرتوفرتم بوو، تەماشایم دەکرد، ڕەنگەکەیم زۆر پێ جوان بوو. چووم لەکن دایکم لە دەرکی متبەق وەستام کە ئەو خەریکی شیولێنان بوو، ئێستایش لەبیرمە شیوەکەی، کەشکەکێکی ڕووتی بێ گۆشت و شلە بوو.

لەهیکڕا هەستم کرد هەردوو پێم کەوتنە ژان، وەک ئەوەی دەرزیئاژن کرابن، ئێستا بیری لێ دەکەمەوە کە ژانی پێیەکان هی سڕبوون بوو بەهۆی سەرمایەکەوە، بەڵام نەمدەزانی بڵێم پێم سڕ بووە، بەڵکوو هەر دەگریام، دایکم دەیگوت: کوڕێ من بۆ دەگریی؟ هەر نەمدەزانی ئەوە پێ سڕبوونە بەهۆی سەرماکەوە، تەنیا دەمگوت: پێم دێشێت، داوام دەکرد پێڵاوەکەم لە پێ بکەنەوە، ئەویش و بابم و براگەورەکەیشم هەر وایان دەزانی پائێشییەکەم هی بچووکیی پێڵاوەکەمە! برا گەورەکەم پێڵاوەکەی بردەوە بازاڕ و یەکێکی دیکەی کەمێک گەورەتری بۆ هێنام، کە لە پێم هەڵکێشرا، دوای کەمێک، دیسانەوە پێیەکانم بەهۆی سەرمایەکەوە سڕبوونەوە. لەتاو ئازاری پێیەکانم، دەستم کردەوە بە گریان، کەسیان تێنەدەگەیشتن کە پێیەکانم بۆچی دێشن! پێیان عەجایب بوو! پێڵاوەکەم نە تەنگە نە شتێکی تێدایە کە پێیەکانم بە ئازار بخەن! دایکم لە تاو گریانی من بێزار بووبوو، دەیەویست شەقێک بخێوێنێتە بناگوێم، دەستی لێ ڕاست دەکردمەوە، پاشان دڵی نەدەهات لێم بدات.

دواجار باوکم بە کێشەکەم حەسیا و گوتی ئەمە هەبێ و نەبێ پێوپلی سەرما بردوونی بۆیێ ئازاری دەدەن، دواتر داوای کرد بچن گۆرەوییەکی خوریم بۆ بکڕن، ئێوارەکەی براکەم هەڵتەک هەڵتەک چووەوە بازاڕ و گۆرەوییەکی بچووکی قاوەییی کڕیبوو، هێنایان لە پێیەکانیان هەڵکێشام، دوای تاوێک، ئازاری پێیەکانم بنبڕ بوو.

کە گەورە بووم، کەوتمە ساڵانەوە، ئازاری سڕبوونی پێیەکانم هەر بەردەوام بوون، وەلێ لە گریان کەوتم، بەڵام هەر گرینۆک ماوم، چما گەر وەک منداڵیم بە هەر شتێک بگریبام، ئەوا دەبوو بیست و چوار سەعاتی خوا هەر گریابام، چونکێ هەموو تەمەنی منداڵی و هەرزەکارییشم پڕاوپڕ بوون لە سڕبوونی بێئامانی ژیان.

# خەڵکی هەولێر شەوانە بە خێزانەوە دەچوونە سینەما



دیمەنێکی سینەما سیروان کە خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەتەوە

**پشتیوان عەبدوڵلا**

منداڵێکی پێنج ساڵان بووم، ماڵمان لە گەڕەکی تەعجیل بوو لەنێو چەقی شار، لە هەرسێ سینەماکەی هەولێر نزیک بووین. لای ڕاستمان سینەما حەمڕا، لای چەپیش سینەما سەلاحەدین و ڕاستەوڕاستیش ئەگەر بەسەر قەڵات کەوتبای، دەگەیشتیە سینەما سیروان، بەڵام سینەما حەمڕا نزیکترینیان بوو.

ڕۆژانەش کە دەهاتمە سەر جادە، تابلۆ و پۆستەرە هەڵواسراوەکانی سینەما حەمڕا و دوو سینەماکەی ترم لەسەر لادیوارێکی (یانەی موزەفین)ی ئەوسا و بازاڕی نیشتمانی ئێستا دەدیت، یان لە ریکلامە سەرپێییەکانی مستۆ کۆر کاتێ بەدەنگە زبرەکەیەوە هاواری دەکرد و چەند وێنەیەکی فیلمەکانی بەرز دەکردەوە و پێیدا هەڵدەدان، کە دەرفەت لە بینینیان لە دەست نەدەین و فیلمی خۆشن.

من هێشتا سینەمام نەدیتبوو، بەڵام زۆر پەرۆش بووم بۆ بینینی، چونکە زۆر گوێم لێ دەبوو کاتێک منداڵانی کۆڵان باسیان دەکرد چۆن لەگەڵ دایک و باوکیان چوونەتە سینەما.

ئەوسا منداڵان نەیاندەتوانی بەتەنیا بێ ئیزنی ماڵەوە بچنە سینەما، هەندێک جار هەندێکیان بەدزییەوە دەچوون، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، چونکە لە هاویندا ڕۆژ درێژە و ئەوان لەبەر قوتابخانە لە کاتی عەسر دەچوونە سینەما و پێش مەغریب کە دنیا ڕۆژ بوو دەچوونەوە ماڵەوە و کەس پێی نەدەزانی، بەڵام لە زستاندا ڕۆژ کورتە و فیلمەکانیش زۆری هیندی بوون و درێژ بوون، کە فیلم تەواو دەبوو، ڕۆژ بەدەرێوە نەمابوو، دنیا تاریک دەبوو، کە دەچوونە ماڵەوە تووشی سزا و لێپێچینەوە دەبوون، خۆم چەند جارێک وام بەسەرهاتووە.

بۆیە منداڵان لەگەڵ خانەوادەکەیان دەچوونە سینەما و ئەوکات عادەت بوو، خەڵکی هەولێر بە کۆمەڵ و بەخێزانەوە دەچوونە سینەما، لەنێو سینەماش لۆجی تایبەتی دانیشتن بۆ خێزانان هەبوو، خەڵکیش شەوانە دەچوونە سینەما نەک بەڕۆژ، چونکە بەڕۆژ باوکان لە کار بوون و دایکان کاری ماڵەوەیان دەکرد و منداڵانیش لە قوتابخانە بوون.

ماڵی ئێمە حەفتانە شەوێک دەچووینە سینەما، من و دایک و باوکم و دوو خوشکم، ئەو فیلمانەی دەچووین و دەماندیتن عەرەبی یان هیندی بوون، یان فیلمی سۆپەرمان بوون، بەڵام هیندییەکان زیاتر مەرغوب بوون.

من چانسێکی باشم هەبوو مامی گچکەم تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، زۆری حەز لە فیلمی هیندی بوو، حەفتانە دوو یان سێ جار لەگەڵ برادەرەکانی دەچوونە سینەما، ئەوانیش هەر شەوانە دەچوون. زۆر جاران منی لەگەڵ خۆی دەبرد، بەڵام شێتوهار دەبوو ئەگەر بیزانیبا بەتەنیا و لە خۆمەوە چوومەتە سینەما، یان تەنانەت لەگەڵ هاوڕێکانیشم، بەبیرم دێت هاوینان کە نانی ئێوارەمان لە حەوشەی ماڵەوە دەخوارد، زۆر جار لە کاتی نانخواردن مامم پێی دەگوتم حەز دەکەی بێیە سینەما؟ کاتێ ئەو پرسیارەی دەکرد لە خۆشیان دەفڕیم و نانەکەم پێ نەدەخورا.

وەلێ زۆر جار وا ڕێک دەکەوت زۆربەی فیلمە هیندییەکان زۆر درێژ بوون، کاتیان زۆر بوو، منیش لە بەدبەختیان چونکە شەو بوو، لە نیوەی فیلمەکە خەوم لێ دەکەوت، تا فیلم تەواو دەبوو بە خەبەریان دەهێنام و دەگەڕاینەوە ماڵێ.

من پێش ئەوەی بچمە سینەما و فیلم ببینم وامدەزانی هەموو جیهان تەنیا لە گەڕەکەکەمان و شەقامەکە و سینەماکانی نزیکمان پێک هاتووە، بەڵام لە ڕێی سینەماوە زانیم و فێر بووم کە جیهان زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە لە گەڕەک و کۆڵانەکەمان، سینەما دنیابینینێکی فرە چەشنی پێ بەخشیم و هۆگری کردم.



سینەما سیروان دوای رووخاندنی.

گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

## بێ دەنگی، بێ دەنگی عەجنون دەنووسێت

یوسف عەجنون، ڕۆماننووسێکی ناودارە و بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێوراوە، لەبەردەم ماڵەکەی لە تەل ئەبیب، تابلۆیەکی گەورەی هەڵواسیوە و لێی نووسراوە (بێ دەنگی، بێ دەنگی، عەجنون دەنووسێت)، خەڵکی ئەو وڵاتە چونکە هۆشیار و شارستانیین، لەبەردەم ماڵی عەجنون هۆڕن لێنادەن، ترۆمبێلی شارەوانی و خزمەتگوزاری دەنگیان کەم دەکەنەوە.

بەم دواییانەش ڕۆماننووسێکی لاوی عەرەب، ڕۆمانێکی بە ناونیشانی (بێ دەنگی، بێ دەنگی، جەماوەری عەرەب خەویان دێت)، تیایدا ئاماژە بەو کارەسات وماڵوێرانییە دەکات کە سەرانی عەرەب بەسەر میللەتەکانی خۆیاندا هێناوە.

کە ئەم دوو هەواڵەم خوێندەوە، یەکسەر بیرم لە بارودۆخی خۆمان کردەوە، ئەو ژاوەژاوانەم هاتنە بەر گوێ کە ڕۆژانە هەموومان لەخەو دەکەن، دەنگەکانیان ئەوەندە جاڕسن کە تووشی کابووست دەکەن، دیارە خەڵکانێک لە پێناوی بژێویدا، جۆرە کەسابەتێک دەکەن و بە رەنجی شانی خۆیان دەژین، ئەوانە جێگەی ڕێزن، بەڵام نابێت ببنە هۆکاری بێزاربوونی خەڵک و حەسانەوەیان لێ تێکبدەن.

دەمەوێت رابکشێم، بەتانییەکە لەخۆم لوول دەدەم، لە هیکرا ماڵە بە کۆنە ئەشیای ناوماڵ دەست پێ دەکات، کە گوتت کۆنە ئەشیای ناوماڵ، پێویست بە ناوهێنانی ئەو کەلوپەلانە ناکات، کە بەو شەپوورە بێزارکەرە و بەو سپێدەیە بیدەی بە بناگوێی خەڵکدا، ماڵە بە کۆنە مجەمیدە، سەلاجە، کاونتەر، غەسالە، سپلیت، ئوتی، مەوادی کارەبایی، قەنەفە.

هێشتا ئەو پیکابە، هەر لە ناوەندی کۆڵانە کە پیکابی غازفرۆش دێت، بە دەم ئاوازی ((خوایە وەتەن ئاواکەی))، چەندان بوتڵە غاز فڕێ دەداتە خوارەوە، دەنگیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا، هانا بۆ کێ بەرم، تەلەفزیۆن دەکەمەوە، چوار هەواڵی دژ بە یەکم دەربارەی مووچە گوێ لێ دەبێت، خاتوو تەیفی وەزیری داراییش لە سەفەرە.


بیرم لەوە دەکردەوە، منیش تابلۆیەک هەڵبواسم و لەسەری بنووسم (تکایە بێ دەنگی، چونکە نەخۆشم و پێویستیم بە حەسانەوەیە)، بەڵام پەشیمان بوومەوە، چونکە دەزانم لە بنەوە دەیاننووسی (نەخۆشی نەخۆش نیت، فیلقیڕ و جەهەننەم).

ناشزانم دانیشتوانی گوندەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هەروەها دریم ستی و ئەمپایەریش، ئاگایان لەو بەزمەیە یان نا؟

# مەعروف جیاوک

## بەر لە سەدەیەک هاوردەکردنی ڕاگرت تا پشت بە بەرهەمی ناوخۆ ببەسترێت

**دوین ئاریان**



هەندێک بە کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی و قانوونی، هەندێکیش بە یەکێک لە رووناکبیرانی کورد لە سەردەمی خۆی ناوی دەبەن، مەعروف جیاوک لە پۆست و پایەکانیدا وەک نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عێراق و موتەسەریفی هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی دادگا و دادوەریش، بەوە ناسراوەتەوە کە هەمیشە کەسایەتییەکی سادە و کاریزماتیکی هەبووە.

مەعروف عەلی ئەشعەر ئەفەندی کە بە مەعروف جیاوک ناسراوە، ساڵی ١٨٨٥ لە ئامێزی خێزانێکی ناسراو و کوردپەروەردا لە بەغدا لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە بەغدا و بەکالۆریۆسی حقووقی لە ئیستەنبوڵ تەواو کردووە و ساڵی ١٩٠٩ گەڕاوەتەوە بەغدا.

ئازاد سرێشمەیی ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە کتێبی (ڕۆژە دژوارەکان)دا نووسیویەتی «لە بنەماڵەی ئێمەدا کەسایەتییەکی ناسراو هەیە، ئەویش مەعروف جیاوکە، کە حاجی مەولوودی باپیری جیاوک، زانایەکی ئایینی ناسراو بووە و چەندین دەستنووسی هەبووە و بە (بدیع الزمان) ناوی دەرکردبوو.»

هەروەها جوان خاڵیس یەکێک لە نەوەکانی بنەماڵەی مەعروف جیاوک، چیرۆکە ناودارەکەی (سیدارە)ی جیاوک بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و بە وردی باسی ئەوە دەکات کە چۆن مامی کاری لەسەر ئەوە کردووە بڕیارێک دەربکرێت، تا کەسانی حکومی و فەرمی لە خەڵک جیا بکرێنەوە و دەڵێ «مامم هەوڵی دا قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەر دروشمێکیان پێوەبێت، تا بناسرێنەوە، بۆیە پێشنیازی کرد کڵاوی سیدارە لەسەر بکەن».

هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن لەو کاتەدا جیاوک داوای کردووە پشت بە بەرهەمی ناوخۆی کوردستان ببەسترێت و لە دەرەوە شمەک و جلوبەرگ هاوردە نەکرێ، دەگێڕێتەوە «مەعروف جیاوک داوای کرد ئەو کڵاوی سیدارەیە لە خووری کوردستان دروست بکرێت، ڕۆژێکیش کە سیدارەکەی لەسەر بووە چووەتە ناو بازاڕی قەیسەریی هەولێر، لە یەکێک لە دوکاندارەکانی پرسیوە ئێوە دەتوانن لەو سیدارەیە دروست بکەن کە لەسەرمە؟ دوکاندارەکەش پێی گوتووە بەڵێ دەتوانین، ئیدی جیاوک کە گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، لە پەرلەمان داوای کردووە چیتر لە ئیتاڵیاوە سیدارە هاوردە نەکرێت، بەڵکو پێویستە لە ناوخۆی وڵاتدا دروست بکرێت، پێشنیازەکەی جێبەجێ کرا».

لای خۆیەوە د. ئیسماعیل شوکر ڕەسول لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە کە جیاوک لە سەردەمی مەلەکیدا پلەی حاکمی لە چەند ناوچەیەکی عێراق پێ دراوە و لە ساڵانی ١٩٤٤ تاوەکو ١٩٤٦ موتەسەریفی سلێمانی بووە و لە ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٣٠ وەکو نوێنەری شاری هەولێر بووەتە ئەندام لە پەرلەمانی عێراق.

ئەو لە بەشێکی توێژینەوەکەیدا نووسیویەتی کە جیاوک خوێندنی سەرەتایی و روشدییەی لە بەغدا تەواو کردووە و دواتر بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس چووەتە ئەستانە و ئەو یەکێک بووە لەو کوردە ڕۆشنبیرانەی هەر لە کاتی چوونییەوە بۆ ئەستانە لە تافی لاویدا بۆ مەبەستی خوێندن نەتەوەپەرستی کەوتووەتە مێشک و بووە بە خۆراکی ڕۆژانەی بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئاشنایەتیی لەگەڵ کوردە ڕۆشنبیر و سیاسەتمەتدارەکانی باکووری کوردستان و بنەماڵەی بەدرخانییەکان پەیدا کرد.

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا یەکەمین کاری سیاسی کە ئەنجامی دابێت دەرکردنی گۆڤارێکی سیاسی بووە بەناوی (حقوق)، هەرچەندە گۆڤارەکە بە زمانی کوردی نەبووە، بەڵام جیاوک لەم ڕێگەیەوە داکۆکی لە دۆزی کورد کردووە، هەروەها لە یەکێک لە لقەکانی ڕێکخراوی (خۆیبوون) کە ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردستانی بووە، ئەرکی جێگری پێ دراوە.

جیاوک خاوەنی بیرۆکەی یانەی سەرکەوتن بووە کە وەک هەندێک ڕۆژنامەی مێژوویی ناویان بردووە مەبەست لێی رزگارکردنی کوردستان و بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بووە.

جیاوک لە کاتی بەستنی پەیمانی عێراقی — بەریتانی لە ١٩٣٠دا، یەکێک بووە لەو ئەندام پەرلەمانە کوردانەی لە یاداشتێکدا داوایان لە حکوومەتی بەریتانی و عێراقی کرد داواکارییەکانی کورد جێبەجێ بکرێن. هەندێک ڕاش هەیە کە دەگوترێ حکوومەتی مەلەکی راپەڕینی بەر دەرکی سەرای کە بە ڕۆژی ئەیلوولی رەش دەناسرێت خستووەتە سەر ئەستۆی ژمارەیەک کەسایەتی کە یەکێک لەوانە جیاوک بووە.

کاتێک نوێنەری شاری بەسرا لە دانیشتنی ٣٠ی ئابی ١٩٢٨ داوا لە وەزیری مەعارف دەکات قوتابخانەیەکی خانەی مامۆستایان لە بەسرا بکرێتەوە، جیاوک پشتگیری لە داواکارییەکەی دەکات و هەمان داواکاریش بۆ ناوچە کوردییەکان ئاراستەی وەزیر دەکات و دەڵێ بەسرا و ڕواندز لە دووریدا لە بەغدا وەکو یەکن.

د. ئیسماعیل شوکر رەسول لە بەشێکی توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بەوەش داوە کاتێک مەلا مستەفای بارزانی لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٤٤ دەچێتە شاری بەغدا بۆ وتووێژکردن و جیاوک پێشوازی لێ دەکات، لە ڕۆژی ٢٦ی هەمان مانگدا میواندارییەک بۆ بارزانی و چەند کەسایەتیی عەرەب و ناودارەکانی کورد لە بەغدا ڕێک دەخات، لە کۆتاییشدا لە وتارێکدا باس لە هۆیەکان و داواکارییەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکات.

د. ئیسماعیل بەسەرهاتێکی دیکەی جیاوک دەگێڕێتەوە کاتێ لە نەخۆشخانە بووە، نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق سەردانی دەکات و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە عێراق و ئوردن، یەکێتیی هاشمی (الاتحاد الهاشمی)یان پێک هێناوە، لەو کاتەدا جیاوک دەڵێ «ئەی شوێنی ئێمەی کورد لەو هاوکێشەیەدا چییە؟ نووری تا کەی ئێوە نایەنەوە هۆش خۆتان و دان بە مافی کورد دانانێن، ئایا ئێوە ئەو ڕاستییە نازانن ئەگەر مافی کورد نەدەن خۆتان بە ئاسوودەیی ناژین، بۆ ئەو هەڵوێستە مێژووییە بە ناوی خۆتەوە ناکەیت و مافی کورد نادەیت؟».

مەعروف جیاوک لە ژیانی خۆیدا خزمەتی گەورەی بە کولتوور و زمانی کوردی کردووە، چەند کتێبێکی بەنرخی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، لەوانە ئەلف و بێی کوردی، کێشەی کورد، نوێنەرایەتییم، تراژیدیای بارزانیی زوڵملێکراو، پەند و قسەی نەستەقی کوردی.

جیاوک لە ١٩٥٨دا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسیەتی خۆی لە دوای مردنی، لە شاری هەولێر نێژراوە و گۆڕەکەی لە گۆڕستانی شێخی چۆلییە.



ڕێزی پێشەوە؛ قادر میران معاونی پۆلیس، محەمەد ئەمین زەکی، موتەسەریفی هەولێر، ڕەشید عالی گەیلانی، مەلا فەندی.
ڕێزی دواوە؛ مەعروف پیرداود، خدری پاشا، .... ، کوڕی محەمەد ئەمین زەکی، مەعروف جیاوك، عیزەدین مەلا فەندی.



مەعروف جیاوک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

# هەر ماڵێك ئەدەبخانەی نەبێ دەدرێتە دادگا


**نازم دڵبەند**

لە درێژەی سەروبنکردنی ئەرشیفەکانی مامۆستا محەمەد مەولود مەم لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، ئەمجارە دوو بەڵگەنامەم دیتەوە، کە دەریدەخەن بەر لە (٨٥) ساڵ سەرۆکایەتیی شارەوانی ژیانێکی سەردەمیانەی خواستووە بۆ دانیشتوانی هەولێر، کاتێک بە نووسراوی ژمارە ١٨٨/٤٦ لە ١٩٣٩/٢/١٥ ئاگاداری موتەسەریفیەتی لیوای هەولێری کردۆتەوە، کە لەلایەن سەرۆکایەتیی تەندروستیی ئاگادار کراونەتەوە، بۆ راگرتنی پاک و خاوێنی شار، پێویستە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر هەموو ئەو ماڵانە ئاگادار بکاتەوە کە لە ماوەی یەک مانگ دەبێ لە ماڵەکانیان (ئەدەبخانە) و (بەلوعەی ئاو) هەبێت، هەر خاوەن ماڵێک سەرپێچی ئەو بڕیارە بکات دەدرێتە دادگا، لەم رووەوە سەرۆکایەتیی شارەوانی ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ پشتیوانیکردنی ئەم فەرمانگەیە و هاوکاری و پشتیوانیکردنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە دروستە و ئەو پێشئیارەی لە سەرەوە هاتووە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی تایبەت بە چیرۆکنووس (محەمەد مەولود مەم)، وەک کوردپەروەرێک و بەو پێیەی ئەوێ رۆژێ بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی لیوای هەولێر بووە، لە رۆژی ١٩٦٤/٦/٦ راپۆرتێکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکان لەمەڕ گەڕانەوەی ئەو دەرکراوانەی بە بیانووی (خاوێنکردنەوەی دەزگاکانی حکوومەت) لە خزمەتی فەرمانبەرییەتی دەرکراون، ئەو راپۆرتە دەبێتە بنەمایەکی گرنگ و هاوپێچکردنی بۆ ئەو نووسراوەی بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی لیوای هەولێر لە کاتی بەرزکردنەوەی داواکارییەکە بۆ موتەسەرفیەتی لیوای هەولێر بە واژووی (ئەمین حاجی سالح) لە جیاتی موتەسەرفیش راستەوخۆ نووسراوەکە و وێنەیەک لە راپۆرتەکەی مامۆستا (مەم) بە نووسراوی ژمارە (٨٤٤/تایبەت) لە (١٩٦٧/٢/١٥) بۆ ئەنجوومەنی بەرزەفتەی گشتی لە بەغدا بە هەموو بڕگە و مادده یاساییەکانەوە بەرز کردۆتەوە و داواشی لێ کردووە بفەرمووێت بۆ بینینی و پشتگیری وەرگرتنی.

دیارە لەو کاتیدا کە میلیشیاکانی (حەرەس قەومی) بە تەواوی ئارامیان لە شار نەهێشتبوو و بەدوای کەسایەتیە کوردپەروەرەکاندا دەگەڕان، ئەو پیاوە زۆر بە جەرگانە هاتووەتە مەیدانەکە و بەرگری لە مەسەلەی گەڕانەوەی ئەو فەرمانبەرە دەرکراوانە کردووە، کە لەسەر هەڵوێستی کوردبوون و کوردایەتی قووتی خێزانەکانیان بڕاوە و ژیانێکی کوڵەمەرگییان هەبووە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية
وزارة البلديات والاسكان
متصرفية لواء اربيل
(مديرية البلديات)
الادارة والذاتية
الرقم/ ٨٤٤/ خاصة
التاريخ/ ١٥/ ٢/ ١٩٦٧
الى/
مجلس الانضباط العام - بغداد
الموضوع/ دعوى السيد محمد مولود
الحاقا بكتابنا المرقم ٢٥١ في ١٩٦٧/٢/١١ ...


رياسة بلدية اربيل
قلم التحريرات
العدد ١٧
التاريخ ٢٥/ ١٢/ ٥٧
٣٩/٢/١٥
١٩١
٣٩/٢/١٦

بو متصرفی لوآء اربيل

الموضوع : - تنفيذی نظام الحاجات الصحية فی البيوت .

قائمقامی زمارە ١٤٥٥ وروز ٣٩/٢/١١ کە اصلی بو رياستی صحە ی لوآء وصورتی بيمان تبليغ فرمووراوە .

١ - لە اکمالی مدە تنفيذ کرانی نظامی مذکور ايستا اعلان .
٢ - لە پاش اکمالی مدە لە طرف معاون مفتش صحی ەوە ھەموو اماکن شاريونە مخصوصە - کشف کرانی دەبسان بلاو .
٣ - پاش کشفيات معاون مفتش صحی تقاريری بە رياستی صحە تقديم وە بی تنسيبی - رياستی صحە لەم مالانە کە ادبخانە ويا بالوعەی بيويست بی بوتأمين وە مدەی يك مانك تبليغ کران
٤ - مخالفين على الاصول بە محکمە تقديم کران .

ئەم دائرەيە بو معاونت وتسهيلات لازمە بە رياستی صحە وبوترفيق مراقب بە معاون مفتش صحە مستعدە . بوتنفيذی نظامی مذکور بو ايجابی مقترحاتی سرەوەمان امرتان رجايە .

رئيس بلديەی اربيل

صورتی :
بو رياستی صحە ی لوآء - اشارة بە قائمقامی زمارە ٣٦٤ وروز ١٣/ ٢/ ٩٣٩ کە اصلی بو متصرفی لوآء وصورتی بومان ناردراوە بو اطلاع .
" بو ملاحظە فنی - لەگل صورتی نظام بو ملاحظە وايجابی واجباتی شعبە تان .
" " انضباط - " " بو ملاحظە وترفيق مراقب بە معاون مفتش صحی واداى تسهيلات لازمە لە وقتی تفتيش


جەمال بابان، محەمەد مەولوود مەم، جەبار جەباری، کاکەی فەللاح. بەغدا - ١٩٧٥

بتشکێن


**گۆران سەباح**

# واز لە فرۆید بێنن

ساڵی ١٩٩٦ زانایانی دەروونزانی گەیشتنە ئەم ئەنجامە: «لە ڕووی زانستییەوە، هیچ شتێک نییە بگوترێت لەسەر سوودی سیستەمی فرۆیدی یان هەر توخمێکی دۆگمایی فرۆید، چونکە وەک ئالیەتێکی توێژینەوە، بە تەواوی مردووە»، جۆرج دڤۆرسکی لە ٢٠١٣دا وای گوت.

تۆد دەفرەسەن، کە دایمە ڕەخنە لە فرۆید دەگرێت، دەڵێ «هیچ کەسێکی ناودار لە مێژوودا هێندەی فرۆید هەڵە نەبووە لە هەموو ئەو شتانەی باسی کردوون. بەس فرۆید بە بەختە، ئەکادیمییەکان زۆریان هەوڵ دا هەڵەکانی داپۆشن یان بیشۆنەوە». جۆرج دەڵێ «دەروونناسیی نوێ شتێکی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی فرۆید».

فرۆید دەڵێ کوڕ حەز لە دایکیان دەکەن و ڕکیان لە بابیانە. هیچ بەڵگەیەکی زانستی بۆ ئەمە نییە. هەموو دنیا دەڵێ گرێی ئۆدیپ قسەیەکی قۆڕە، کەچی ڕۆشنبیرانی مە کە دادەنیشن باسی ئەو گرێیە دەکەن، دەڵێی زانستێکی نوێیان کەشف کردییە.

لەبارەی فرۆیدەوە، نەمدیتییە لە ڕۆشنبیرانی مە کۆلەوارتر.

ڕەخنەگرانی فرۆید پێیان وایە، ئەو لە زۆربەی بوارەکاندا تا سەر ئێسک هەڵە بووە. باشە ئەگەر ڕەخنەگران و نووسەرانی ڕۆژئاوا خۆیان ئاوا بە فرۆید بڵێن، خێرە کوردەبۆر وەک پێغەمبەرێک سەرسامە بە فرۆید؟

کە دەروونناسیی نوێ فرۆید ڕەت بکاتەوە، بۆچی ئەکادیمییەکانی مە خۆیان پێدا شۆڕ کردیتەوە؟ ئەدی ئەمە توێژینەوە و کارەکانیان ناخاتە ژێر پرسیاری گەورەوە؟ هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر (ئید، ئیگۆ، سوپەرئیگۆ)؛ هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ لە ڕێی دەم و کۆم و چووکەوە. زۆربەی بیرۆکەکانی فرۆید هەڵتەکێندراون و سەتاسەت ڕەت کراونەتەوە و ناهێڵن کەس تخوونیان بکەوێت. ئەدی خێرە زانکۆکانی مە، فرۆیدیان لەمە کردیتە تەیارە؟ ئەدی ئەوە ئاستی هۆشیاریی توێژەر و مامۆستاکانی زانکۆ ناخاتە ژێر شکەوە؟ دیارە کە ئاگایان لە دنیا نییە. دیارە هەر لە شێست و حەفتاکانی سەتەی ڕابردوو چەقیون، کە ئەو دەمی دەیانگوت سەتەی بیست، سەتەی فرۆیدە.

لە هەندێ بابەتی دەروونشیکاریدا، فرۆید باش بۆیان چووە، بەڵام ئی دی پەرەیان پێ داوە. فرۆید نەستی کەشف نەکرد، ئەوە پێێغ جانێتی فەڕەنسی بوو. زۆر شتی دیکەیش هەن، بەس ئەمن هەمووی باس ناکەم. بڕۆن بخوێننەوە.

# هەیاسەشێت

## ئەو سبەینەی لە کەلێنی دەرکە دیتم

ئاراس ئەکرەم

سبەینەکی گەرمی هاوینی ١٩٨٤ بوو، لەگەڵ منداڵانی گەڕەک تۆپانێمان دەکرد، لەناکاو یەک هاواری کرد «هەرێن، هەیاسەشێت هات»، هەریەکە خۆی بە دەرکەی ماڵێدا دا، لەچاوتروکانێکدا دەرکە داخران و کۆڵان نقەی لێ بڕا. ئەمنیش بە غاردان خۆم گەیاندبووەوە مارێ.

پێشتر زۆرم لەبارەی هەیاسەوە بیستبوو، بۆیە ئەو ڕۆژە لە کەلێنی دەرکەی حەوشە بەتیلەچاوێک تەماشای سەری کۆرانێم دەکرد، لۆوەی هەیاس ببینم.

ئەو سەردەمە هەیاسەشێت ڕۆژانە لە محەتەی قیتارەوە بەناو گەڕەکی زانیارییدا بەرەو لای ئاشی ئەحمەد چەلەبی دەهات و هەر لەوێندەرێ دەماوە.

تازە مارمان لە گوندی هاتبووە شاری و لە خانوویەکی کۆنی گەڕەکی زانیاری لە نێزیک ئاشی ئەحمەد چەلەبی نیشتەجێ بووین، ئەوکات منداری گەڕەک هەیاسیان لێ کردبووینە شێتێکی ترسناک و دەستوەشێن، زۆربەیان هەیاسیان دیتبوو، بەڵام هەرکەس بەجۆرێک وەسفی دەکرد.

دوای کەمەک هەیاس لە کەلێنی دەرکە بەدیار کەوت، پیاوێکی چارشانەی بەژن درێژ، ڕەشئەسمەر، قاپووتێکی ڕەش تا خوار چۆکانی لەبەر بوو، شیشەکی ئەستوور و درێژی بەدەستەوە بوو، هەر گەیشتە پێش دەرکەمان هەروەستەی کرد، ئاسۆی برام ئەو وەختی عومری چار سار بوو، لەپێش دەرکە بەجێمابوو، هەیاس چەند ساتەک بەدەوری ئاسۆی برامدا سووڕاوە و بەدیقەتەوە تەماشای دەکرد، ئەمن لە دری خۆم دەمگۆت تازە ئاسۆ چوو.

هەندەی پێنەچوو هەیاس پشتی لە ئاسۆ کرد و ڕووی لە سەری کۆرانێ کرد، لەوسەری لەگەر مام کانەبیی ناسیاومان بەتەنیشت یەکتریدا تێپەڕین و سەلامیان لێکدی کرد، لەو ڕۆژەوە زانیم هەیاس ئەگەرچی ترسناک و دەستوەشێن بوو، بەرام حەقی مندارانی نەبوو، لەگەر ئەو کەسانەشدا نەرمونیان بوو کە دەیناسین.

هەیاس کوڕی بنەمارەکی کوورەچیی هەولێرێ بوو، لەگەر کەسوکاری بە تورکمانی قسەیان دەکرد، بابی ناوی حاجی زەینەلی کوڕی حاجی جبرائیل بوو. زۆر جار لەناو کوورەچییەکانی گوندی قۆریتانی سەر ڕێی مەخموور دەبینرا، دەگێڕنەوە ئەو کرێکارانەی لە کوورەی خشت ئیشیان دەکرد، لە ترسی هەیاس، شەوانە بە نۆرە دەبوونە پاسەوان.

هەروەها دەگێڕنەوە وەختی خۆی هەیاس پیاوەکی ژیر بووە، لە کوورەی دروستکردنی خشتدا لەگەر برایەکی لەخۆی گەورەتر بەناوی فازڵ ئیشی کردیە، شەوەک هەیاس لە بەشی خوارێی کوورەکە خەریکی ئیش دەبی، فازڵی براشی لە سەرێ دەبی و لۆ گاڵتە و خۆشی ساقۆیەکی ڕەشی گەورە لەبەر دەکات و خۆی فڕێ دەداتە سەر هەیاسی، هەیاسیش لە ترسا شێت دەبی، بەرام شەرت نییە ئەو گێڕانەوەیە ڕاست بیت، چونکە هەیاس برایەکی لەخۆ گچکەتری هەبوو بەناوی موحسین، ئەویش شێتۆکە بووە.

لە کۆتایی هەشتایەکاندا حاڵی هەیاس زۆر خراپ بوو، گەیشتبا هەر کەسێک دەستی لێ دەوەشاند، خەرک زۆر لێی بێزار بوون، بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی تەعجیل و سەعدوناوە و عارەبان، پۆلیس لەبەر شکایەتی خەرک دەستگیریان دەکرد، دەگێڕنەوە هەیاس زوو زوو زنجیری دەستی دەپچڕاند و لە دەست پۆلیسیش هەردەهات، جارەکیش بە شیش لە سەری سەربازەکی دایە و کوشتیتی.

سەرەتای ١٩٩١ هەیاس دیار نەما، کەس دەنگوباسی نەدەزانی، دوایێ گۆتیان حکوومەتی بەعس گرتبووی و بەدەرزی ژەهراوی لەناو زیندان کوشتیتی، بەڵام تا ئێستا ئەمە هەر گێڕانەوەیە و هیچ بەڵگەیەکی زیندوو لەبەردەستدا نییە.


وێنەیەکی هەیاسە شێت

## دوو کوڕ لە تەیراوە بۆ سووتاندنی دڵی گەنجان جلی ژنانە لەبەر دەکەن

گڵکەند


ئەمە هەواڵی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرمی کە دەست (گڵکەند) کەوتووە، بەر لە ٣٨ ساڵ دوو گەنجی هەولێر لە تەیراوە بۆ خۆشی و رابواردن، خۆیان دەکەن بە کچ و بەناو شاردا پیاسە دەکەن، بەم هۆیەوە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر دەکرێن.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دادگا، ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٦، دوو گەنجی هەولێر کە ناوەکانیان پارێزراوە، بەهۆی لەبەرکردنی جلی ژنانەوە، لە گەڕەکی تەیراوە دەستگیر کراون.

دوو گەنجەکە وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بۆ دەستدرێژیکردنە سەر خەڵک بە تایبەت شوفێرانی تەکسی، ئەو کارەیان کردووە، بەڵام ئەوان ئەو تۆمەتەیان رەت کردووەتەوە و گوتوویانە تەنیا بۆ خۆشی و سووتاندنی دڵی کوڕانی گەڕەک، جلی ژنانەیان لەبەر کردووە.

دادوەری لێکۆڵینەوەکە بڕیاری راگرتنی هەردوو گەنجی داوە بەپێی ماددەی ٢٤٠ی سزاکان، نووسراو و لێکۆڵینەوەکانیشی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی هەولێر ناردووە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە.

ماددەی ٢٤٠ لە یاسای سزاکانی عێراقی سزای تا شەش مانگ زیندانیکردن یان پێبژاردنی ١٠٠ دیناری بۆ هەر کەسێک دیاری کردووە کە ئادابی گشتی و دەقە ئایینییەکان پێشێل بکات، وەک دەردەکەوێت لەبەرکردنی جلی ژنانەش لەلایەن پیاوانەوە خراوەتە ئەم خانەیەوە.



وێنەی بەڵگەکە و دوو گەنجەکە بە جلی ژنانەوە.



دیمەنی چەند وێنەگرێکی کامیرەی شەمسی لەبن قەڵاتی هەولێر

## کامیرە شەمسییەکانی بن قەڵاتی هەولێر

# بەیادی ئەو چیرۆکە سپییانەی لەژێر قەمەندۆرە ڕەشەکاندا نەگێڕدرانەوە

هەژار مەجید

زیاتر لە نیوەی تەمەنی لەگەڵ کامێرا شەمسییەکەی بەسەر بردووە، سالانێک خۆی و هاوپیشەکانی لەبن دیواری قەڵاتی هەولێرێ ڕێچکەیان بەستبوو، هەزاران وێنەی ڕەش و سپییان بۆ خەڵکی دڵگەشی ئەو سەردەمە دەچرکاند، ئەو لەسەر دەستی مامۆستاکەی (گیو موکریانی) فێری پیشەی وێنەگری بوو، ئێستاش بە خۆشەویستی و یادی ئەوێ ڕۆژێ دەژی.

سابیر محەمەد عەلی کە لە ١٩٤٧دا لە گوندی عەوێنە لەدایک بووە، بیرەوەریی خۆی و کامیرە شەمسییەکەی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و باس لەوە دەکات کاتێ عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم،ماڵیان هێناوەتە هەولێر، ئەو وەختە تەمەنی ١٠ ساڵ بووە و لەگەڵ دایکی و خوشکێکی دەژیا، چونکە باوکی نەمابوو، زوو لەلای وەستایەکی دروستکردنی خانوو بووە کرێکاری ڕۆژانە. لەمبارەوە دەڵێ ئەو کاتە لە یەکێک لە حەسارەکانی گەڕەکی عەرەبان نیشتەجێ بوون، دوای ئەوەی نزیکەی ساڵێک لەگەڵ وەستایەکی خانوو کرێکاری کردووە، ڕۆژێک وەستاکە پێی گوتووە تۆ بچووکی و توانای ئەو کارەت نییە، بردوویەتی بۆ لای مامۆستا گیو موکریانی لە چاپخانەکەی ئەو بە ڕۆژانەی دەرهەمێک دەستی بەکار کردووە، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات بە ڕۆژ لای مامۆستا گیو کاری کردووە و ئێوارانیش چووەتە قوتابخانە، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی پۆلی شەشی سەرەتایی وازی لە خوێندن هێناوە.

مام سابیر دەگێڕێتەوە «یەکەم ڕۆژ وەکی چوومە ئیشێ، مامۆستا گیو پێی گۆتم وەرە با فێری مسەوەڕییت بکەم، کامیرەکەی هینا و هەموو بەشەکانی لۆ شەرح کردم، بە فەترەکی کەم فێری ئیشەکەی کردم و بوومە مسەوەڕی مەتبەعەی».

دوای حەڤدە ساڵ کارکردن لەگەڵ مامۆستا گیو، کامێرایەکی شەمسی بە هەشت دینار دەکڕێ و لە شاگردییەوە دەبێت بە خاوەن کاری خۆی، ئەو کە ئێستا خاوەنی ١٠ منداڵە، دەڵێ بژێویی خۆی و منداڵەکانی لەسەر کامێرەکەی بووە.

ئەو وێنەگرە کۆنەی هەولێرێ لەبارەی جۆر و چۆنیەتی کارپێکردنی کامێرای شەمسیەوە دەڵێ لە ئەڵمانیاوە دەهات، خێراترین جۆری وێنەگرتنی جاران بوو، کامێراکە بەتیشکی هەتاو وێنەکەی دەگرت، وەک تاقیگەیەکی بچوک وا بوو، فیلمەکە لەناو پاکەتێک بوو، نەدەبوو تیشکی ڕووناکی بگاتە ژوورەوە، چونکە دەبووە هۆی سووتانی.

دەشڵێ هایپۆ جۆرە دەرمانێک بوو کاری چاپکردنی وێنەکەی دەکرد، هەروەها کاربۆنایت، سلفاید و برۆمایت، ئەوانەش جۆری تری دەرمان بوون و تێکەڵ دەکران، دوای ئەوە دەخرانە ناو سەتڵێک ئاو بۆ ئەوەی پاک بکرێتەوە لە دەرمانەکە، ئینجا وێنەکە ئامادە دەبوو.

هەروەها دەڵێ «بەدەنی کامیرەکە تەختە و قوماشی قەمەندۆری ڕەش بوو، لەسەر سێ پایەکی دار دادەندرا، ئەو تەختە و قوماشە لە هەولێرێ دروست دەکران، ڕسمەکانیش بەس ڕەش و سپی بوون، زۆربەیان لۆ معامەلاتی دائیران دەگیران».

وێنەگرە شەمسییەکانی هەولێرێ سەرەتا لە پێش مزگەوتی قیبلەخواری بەرامبەر پارێزگا بوون، مام سابیر دەڵێ «دائیرەی نفوسیش هەر لەوێ نێزیک بوو، ڕۆژێ تەقریبەن ڕسمم لۆ ١٥ کەسی دەگرت، ئیشەکە باشبوو مەعیشەتی مار و مندارم پێ دەسوڕا».

هەروەها بە حەسرەتەوە باس لە کۆتاییەکانی پیشەکەی دەکات لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە ئەوکات بۆ چوار وێنە و عەکسێک دوو دیناری وەرگرتووە، دەشڵێ لەگەڵ هاتنی کامێرای پیشکەوتوو کاری ئەوان کۆتایی هات، چونکە فەرمانگەکانیش چیتر وێنەی ڕەش و سپیان لە هاوواڵاتییان وەرنەدەگرت، بۆیە بەشێک لە وێنەگرەکان خۆیان لەگەڵ کامێرای مۆدێل نوێ ڕاهێنا، ئەوانەی تریش وەکو ئەو وازیان لە پیشەکەیان هێنا، ئیتر شەمەندەفەری دەیان ساڵی ژێر قەمەندۆری ڕەش گەیشتە کۆتا وێستگە.



سابیر محەمەد لە کاتی کارکردندا.



ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

# ئەو ڕۆژەی لە گڵکەند دنیا بەرەواژ بۆوە

شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ کۆتایی بە حوکمی پاشایەتی هێنا و حوکمی کۆماری لە عێراق دامەزرا، کەلەپچە لە مەچەکی ئازادی کرایەوە، بەحسێب بیروڕا ئازاد کرا، بنەماڵەی پاشا تەفروتونا کران و نووری سەعید سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی پاشایەتی لەنێو عەبا و پەچەی ژنانەوە ناسرایەوە و بە سزای خۆیان گەیاند، زەعیم عەبدولکەریم قاسم بوو بە سەرکۆمار و سەرۆک وەزیران، دنیا لە هێندێکان وەرگەڕا و بەرەواژ بۆوە، بە کەیفی هێندێکی کەش کەوتە سووڕان.

سەرەتای شۆڕش لەنێو شاری هەولێر و گوندەکانیش دەنگی بژی و بمرێ لێرە و لەوێ بەرز دەبوویەوە، ڕۆژی ئاغا و دەرەبەگ کەوتە لێژی، ئاغاکان جێیان پێ لەق بوو، لە ترسی غەزەب و تووڕەیی جووتیار و سەپان، ماڵ و دیوەخانیان لە گوندەکان بەرەو شاری هەولێر جێهێشت، ئەوان و ئاغا شارستانییەکانیش بۆ پاراستنی خۆیان کەمتر دەرکەوتن و تێکەڵی خەڵک دەبوون

ئەو دەمان تەمەنم هەر نۆ ساڵ بوو، چێشتەنگاوێک بە دەنگی هات و هاواری بژی و بمرێ قوڵاغ بووم، ماڵیشمان لە (گڵکەند) بوو، هاتوهاوارەکە لێمانەوە نزیک بوو، حەزی منداڵی هەڵیپێچام و ڕووەو هاتوهاوارەکە تێم تەقاند، وەختێ گەیشتم دیتم دەوری دوو سەد تا سێ سەد کەسی تووڕە، غەزەبیان لێ دەباری، بە پشت قەسرەکانی سەر ڕێگای کەرکووک جادە و نەهاتبوون، بەڵکو بە نێوان خانووەکانی گڵکەند و قەسرەکاندا دەڕۆیشتن، تێکەڵی جەماوەری تووڕە بووم، هێندێکیان دار و هێندێکیشیان شیشەی ئاسنیان بەدەستەوە بوو، کە هوتافیان دەکێشا دەیانگوت «بژی زەعیم»، تێکڕا هەموو وەڵامیان دەدایەوە و دەستی شیشە و داریان هەڵدەشەقاند و دەیانگوت «بژی، بژی زەعیم عەبدولکەریم قاسم»، دیسانەوە دەیانگوت «بمرێ، بمرێ ئیستیعمار و ئاغا و دەرەبەگ»، تێکڕا هەموویان وەک یەک دەموقوڕگ بن، بە جۆش و حەماسەوە دەیانگوت «بمرێ».

پاشان نەزمەکە گۆڕا و هاواریان دەکرد «بژی گەل ڕۆڵەی گەل مام ڕەحمان و شێخە شەل»، من لە پێشی پێشەوە نزیک بووم، درکم پێکرد چەند کەسێک لە پێشەوە دەمڕاست و ڕابەریانن، ئەوان چیان بگوتایە جەماوەرەکە بە دڵی ئەوان وەڵامیان دەدایەوە، کوڕێک لە من باوخۆشتر بوو بە منی گوت ئێستاکە بڵێی (شیوعی)م کەس دەنگت پێناکات، یەکەم جارم بوو گوێم لە وشەی شیوعی بێت، نەمزانی مەبەستی چییە؟ وەختایەک بە پێش قەرەور لە پشت قەسرێک وەستا، جەماوەر لە ساکەگۆڕەکە سەنگرایەوە و خەریک بوو تێکبچەقین، قەسرەکە بەڕووی ساکەگۆڕەکە دەڕابێکی تێدا بوو، دوو کەسی شیشە بەدەست خۆیان هەڵکوتایە پێش دەڕابەکە، پێدەچوو پێشتر بۆ ئەم کارە دەستنیشان کرابن، هەر یەکەیان شیشی خۆی لە ئەڵقەی قفڵی دەڕابەکە گیر کرد، جەماوەرەکەش لەدوایانەوە دەتگوت جم جمە سووڵتانن، لە جووڵە نەدەکەوتن و لە بژی و بمرەش بێدەنگ نەدەبوون، قفڵ شکێنرا، دەڕابە هەڵدرایەوە و هەڵزرا، دیار بوو گەراج بوو، قەمەرەیەکی ڕەنگ سەوز پێموابێت شوفرلێت، یان کرایسلەر، یان دۆج بوو، چونکە ئەو سەردەمان ئەو سەیارە ئەمریکییانە لە بازاڕ هەبوون، قەمەرەکە ڕاکێشرایە ساکەگۆڕەکە، دەتگوت خەتایەکی گەورەی کردووە، جەماوەرەکە تێی ڕوهات و بەسەر بۆنیت و سەقفەکەی کەوتن و کەوتنە هەڵپەڕین بەسەریدا، بە دیاریشەوە بمرێ ئاغا و دەرەبەگ دەگوترایەوە، یەکێک لە جەماوەرەکە پلیتێکی ئاگردا و خستیە نێو قەمەرەکە، ئاگرەکە دەهات خۆش بێت دیتم پیاوێک لەنێو حەوشەی قەسرەکە و لە پشت دیوارەکەیەوە خۆی تا کەرخی شانەکانی هەڵکێشا و دوو گوللـەی بەرەو جەماوەرەکە تەقاند، لە ترسی گوللـە هەر بابابوو بەلایەکدا تێی تەقاند، زریکە و قیژە ڕێک لە تەنیشتمەوە هەڵسا، هەر ئەوەندە وێرام ئاوڕێکم لێی دایەوە جەلۆی حەمباڵ بوو بە عاردەکەوە پان ببۆوە و خوێن لە بەلەکی فیچقەی دەکرد، منیش سایەری خەڵکەکە بەرەو گڵکەند تێم تەقاند، پاشان زانیم ماڵ و خانووەکە ماڵی قادری پاشا بووە، جەلۆشم پاش ماوەیەک بە سپ و ساغی دییەوە و نەمردبوو.

# خوداحافیز

## دوو ڕۆژ بەر لە تۆمارکردنی گۆرانییەکە چی ڕووی دا؟



**نازم دڵبەند**

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم مێژووەکەی بۆ ٣٢ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، وەک دەیان جاری تر لەگەڵ هونەرمەند زیاد ئەسعەدی هاوڕێم لە چێشتخانەیەک لامان دا، بەڵام ئەمجارە لەباتی نانخواردن، بەدەم چاخواردنەوەوە لەسەر کارتۆنی پاکەتی جگەرە شیعری گۆرانیی (خوداحافیز)م بۆ دانا.

سەرەتا لە ناوەڕاستی هەشتاکان زیاد ئەسعەدم ناسی، جگە لە دەنگخۆشییەکەی و شارەزایی لە مۆسیقا، کەسێکی بەئاگا و خوێندەوار بوو، دەیزانی چ شیعرێک هەڵدەبژێرێ بۆ ئەو ئاوازەی بە نیازە تۆماری بکات، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە گۆرانیبێژێکی دیاری سەردەمی خۆی و گۆرانییەکانی بوونە وێردی سەر زمانی گەنجان.

شیعرەکانم بوون بە بەشێک لە تێڕوانینی ئەم هونەرمەندە، ئەوەش وای کرد لە یەکتر نزیک بینەوە و ڕۆژێکی هاوینی ١٩٩٣ کە خەریکی ئامادەکردنی کاسێتێکی گۆرانی بوو، لەناو ئۆتۆمبێلە بەڕازیلیەکەی مندا بووین، بەتەما بووین بچینە چێشتخانەیەک لای گەراجی کۆنی مووسڵ لە گەڕەکی تەیراوە، بەڕێگاوە بووین کاسێتێکی لە باخەڵی دەرهێنا و خستیە سەر ریکۆردی ئۆتۆمبێلەکە و گۆرانیی (خودا حافیز)ی هایدەی ئێرانی بوو، بەجۆشەوە لەگەڵی دەگۆتەوە تا گەیشتینە بەردەم چێشتخانەکە

ئەو پێش من دابەزی و پاکەتێکی جگەرەی بەتاڵی دیتەوە و هەڵیپچڕی، پارچەیەکی خاوێنی لێ دەرهێنا، منیش هەر سەیرم دەکرد، زیاد ئەو جۆرە ئەتوارانەی هەبوو و یەکێکیش بوو لە نوکتەزانە بەتواناکان و بەزمی خۆش بوو، بەرگە پاکەتەکەی دا دەستم و گوتی «خۆ گێت لە گۆرانییەکەی هایدە بوو؟»، ئەمنیش گوتم «بەرێ، زۆر خۆش بوو»، ئەویش گوتی «ئەتو خۆت پێ شاعیرە وەنیە؟ فەرموو پێش ئەوەی دەعوەتت بکەم، وەرە لەو چایخانەیەی دانیشە و شیعرەکم لۆ ئەو ئاوازەی لۆ بنووسە»، منیش پێم سەیر بوو وەمزانی ڕادەبوێری بەو نیوەڕۆ گەرمە و پێم گوت «واز لەوەی بینە خۆ کاخەز قاتی نەبووە، لێگەڕێ شەوێ لۆی دادەنیشم».

ئەویش گوتی «بەخوای نا، ئیللا دەبی ئێستا لەو چایخانە و لەسەر ئەو سەرە پاکەتەی شیعرەکەم لۆ بنووسی، چونکە دیتم ئەتوش وەکی من لەگەر دەنگی هایدەی دەسووتای».

زیاد ئەسعەد زیرەکانە ناچاری کردم قەڵەمەکەم دەربێنم و بەدەم بانگکردنی چایەکەوە لەسەر سەرە پاکەتەکە دەستم کرد بە نووسینی شیعرەکە، لە ماوەی چارەگە سەعاتێک شیعرەکەم لەسەر تەختەشرێکی چایخانەیەکی نزیک گەراجی مووسڵ لە گەڕەکی تەیراوە نووسی، زیاد ئەسعەد دوای دوو ڕۆژ گۆرانییەکەی تۆمار کرد و تا ئەمڕۆ وەک زۆربەی گۆرانییەکانی بەزیندوویی لە دڵی هەمووواندا ماوەتەوە.

## ئەو دەرگایەی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە کرایەوە

**نازم دڵبەند**

جاران کۆڵانە تەسکەکانی قەیسەری وەکو ئێستا نەبوو، بەبیرم دێ لەو قەیسەرییە (خان) هەبوو، دوکانی یاسین چەخماخچی لێ بوو کە لەسەر دەستی جولەکەکان فێرە ئەو پیشەیە ببوو، بەبیرم دێ پیاوێکی مەسیحی دەڤەری ئاکرێی لێ بوو بەناوی نەجیب روکسی، رانک و چۆغەی کری دەدووری، دایکیشیم هەموو جارێ دەیگوت دەچمە دوکانی فەتاح چەلاوی ناو قەیسەری شەکر و چای دەکڕم، دوایێ بۆم دەرکەوت فەتاح چەلاو یەکێک بوو لەو توجارباشیانەی سەردەمی زوو دوکانەکەی لە قەیسەری کردۆتەوە، ئەو کڕیارانەی بە بەردەوامیش مشتەری ئەو بوون، ماڵە کەسایەتی و دەوڵەمەندەکانی هەولێرێ بوون.

نووسەر و ئەرشیفساز ئیحسان موفتی دەگێڕێتەوە «ئێمە ماڵمان لە قەڵاتێ بوو، بابم رەشاد موفتی بە بەردەوامی هاموشۆی بازاڕی قەیسەری دەکرد، بە درێژایی کۆڵانەکانیش سڵاوی لە دوکاندارەکان دەکرد، تا دەگەیشتە لای دوکانی فەتاح چەلاوی دادەنیشت، هەندێ جار داوای دەفتەرەکەی لێ دەکرد یان چایەکی لەکن دەخواردەوە، چونکە جاران وەکو ئێستا نەبوو خەڵک مانگانە بچێتە لای دوکانی مەعمیلەکەیان و دەفتەری قەرزی مانگانەیان بکەنەوە، ئێمە دەچووین یان ئەو کەسەی لە ماڵمان پەیوەندار بوو بەم کارە، سەردانی دوکانی فەتاح چەلاوی دەکرد و هەرچی پێداویستی هەبوایە دەیهێنا، جاری وا هەبوو سێ مانگی دەخایاند، لەناکاو بابم جوابی بۆ دەنارد و دەفتەرەکەی بینی تا بۆی ساف بکات.

ئینجا کەسێکی دیکەی ناو قەیسەرییم بەبیر دێتەوە، پیاوێکی بەژن مامناوەندی و کورتەک و شەرواڵ لەبەر و کراسێکی سپی بە لەوەندی و جەمەدانی لەسەر بەدیار دوکانێکی تژی لە پێستەی پەنیر و ژاژی و هەنگوینی



دیمەنێکی ناو بازاڕی قەیسەریی هەولێر بە کامێرای ئەنتۆنی کریستینگ لە ساڵی ١٩٤٠

کوێستانان دانیشتبوو، ئەویش سەید تەیبی پەنیرفرۆش بوو، ناوبانگەکەی وا بوو، ئەو پیاوەیان لە وەرزێکی ساڵدا دەچووە کوێستانان لەگەڵ مەڕدارەکانی هەرکی و خەیلانی و مامسارەکان دەکەوتە سەودا و پێشەکی پارەی دەدانێ تا لەگەڵ ئەوەلی بەهارێ لەگەڵ پێگەیشتنی ماست و پەنیر، بەرهەمی ئەوان بۆ ئەو بێ، جاری واش هەبوو بە مانگ لەو دەڤەرانە مابووەوە.

حاجی بەکر زێڕینگریشم بەبیر دێ، کەواسەڵتەیەکی لەبەربوو و جاروبار هەورییەکی سرکە یان حەرارییەکی حاجیانەی لەسەر بوو لە پشت مێزێکی گچکە و تەرازوویەکی بچکۆڵانەی زێڕکێشان و کەلوپەلی دیکە دادەنیشت، پیاوێکی بەویقار لە جامخانە پڕ لە گوارە و خەزێم و کەمەرەی زێڕەوە سەیری بازاڕ و خەڵکەکەی دەکرد.

چایخانەکەی مام خەلیلیش، کە لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە لەناو قەیسەری کراوەتەوە و دەکرێ بڵێین یەکەم چایخانەیە لەوێ کە تا ئێستا ماوە.

بازاڕی قەیسەریی هەولێر کە کەوتووەتە نێو جەرگەی شار، مێژووی دروستکردنی بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا و سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی دەگەڕێتەوە، رووبەرەکەی نزیکەی ٥٠ هەزار مەتری چوارگۆشەیە، یەکەم دەرگاشی بەرامبەر قاوەخانەی عەبۆ بووە، ئەوانەی لە دەستپێکی قەیسەری دوکانیان کردۆتەوە دەباغەکان و دۆغرەمەچییەکان بووینە.

قەیسەریی هەولێرێ لە کاتی خۆیدا بێجگە لە دوکانەکانی ناو بازاڕ، سەرەوەشی بۆ شوێنی دانیشتن دروست کرابوو، کە ببووە دیوەخان و نووسینگەی باشتوجارەکان، بۆ تاوتوێکردنی کاروبار و مامەڵەکردن و یەکتردیتن، لەوانەش دوکان و دیوەخانی گەورە و دەوڵەمەندی هەولێرێ ئەحمەد چەلەبی بووە، هەروەها دەتواندرێ بە چەند دەرگایەک بچیتە ناو قەیسەری، دروستکردنیشی لەوەوە دەستیپێکرد خەڵکەکە وردە وردە لە قەڵاتێ هاتنە خوارێ، بۆ کاروکاسبی پێویستیان بە دوکان و شوێنی گونجاو هەبوو بۆ بەڕێوەچوونی گوزەرانیان، دوای ئەو هەموو ساڵەش قەیسەری هەولێرێ هەروەکو جاران بە هەڕمێنی ماوە و دەیان دوکانی زێڕینگری و پەنیر و هەنگوینفرۆش و جلوبەرگ و فرۆشتنی کۆگای پێڵاو، بەڵام لە هەمووی گرنگتر مانەوەی وجاغی ئەوانەی پێشووە بۆ نەوەکانیان، کە تا ئێستا نە مێژووی قەیسەری و نە مێژووی ئەوانیان کوێر کردۆتەوە. ئەو موڵکانەی ئەم قەیسەرییەشی لەسەر دروست کراوە هی ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادەکانی هەولێرێنە و کەسیش تا ئێستاکە بەلایاندا ناچێ، وای لێ هاتووە ئەوانەی لەناو دوکانەکانن، ببنە خاوەنی موڵک.

## لە کڵێساوە بۆ بەردەم مەلای گەورە

# خارە سێوە بەبێ برین خوێنی دەڕشت

شلێر سەعید

گەلی برادەرینە ئەمن هەرچەند دەکەم لەوێ کۆنە دنیایێ حەرفێکی شک نابەم راستیی دری خارە سێوەی پێ بێژم، ئەو هونەرمەندە گەورەی لە شاکارە مۆسیقیەکەیدا بە ناوی (سەحەر) دەیگوت ئەو بەبێ برین خوینێ دەڕێژێ.

کۆیە لە مێژووی خۆیدا زانا و ئەدیب و هونەرمەندی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، ڕەنگە خارە سێوە لە هەرە ناودار و بێنازەکانی بێت، هەر لە سەرەتای هاتنە دنیایێ هەتا کۆچکردنی. ئەو داهێنەری شێوازێکی سەربەخۆی مەقامی کوردی بوو، کە هەندێک ناویان لێ ناوە مەقامی (ئەوەل سەحەرە)، شێوازی مەقامەکانی سێوە لە هیچ هونەرمەندێکی تر ناچن و بە گوێگرتن لە کۆپلەیەک لە مەقامەکانی دەیناسیەوە، هەروەها بە زمانێک مەقامەکانی چڕیوە، کە هەموو کەسێک لێی تێدەگا و هیچ وشەیەک لە تێکست و مەقامەکانی سێوەدا نییە، کە نامۆ بێت بە شێوەزاری شەقام و قسەکردنی خەڵک

سێوە بەدرێژایی تەمەنی شەمماسی کڵێسای ماریوسف بووە لە کۆیە، بەڵام هێندە تێکەڵی کۆمەڵگەی کوردەواریی و پێکەوەژیانی ئایینی بووە لە کوردستان، کاتێک مزگەوتی گەورەی کۆیە نۆژەن کراوەتەوە و مەلای گەورەش لەوێ بووە، ئەو مەقامێکی لە ستایشی خوا و پێغەمبەراندا گوتووە.

سێوە ناوی سڵێوە خواجە یەڵدا سڵێوە بوو، ساڵی ١٨٩١ لە کۆیە لەدایک بوو و هەر لەوێش ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد. د.هاوژین سڵێوە مامۆستای زانکۆ کە چەند توێژینەوەیەکی لەبارەی ژیانی سێوە کردووە، دەڵێ کورد لە خۆشەویستیان ناوی هونەرمەندەکەیان لە سڵێوەوە گۆڕی بۆ سێوە.

باس لەوەش دەکات کە خارە سێوە هەر لە گەنجییەوە مەقامی گوتووە، بەڵام تا تەمەنی نەگەیشتە نزیکەی ٦٠ ساڵ نەناسرا، ئەمەش دوای ئەوەی پێنج مەقامی لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا تۆمار کرد.

د.هاوژین سڵێوە باس لەو بەرهەمانەی خارە سێوە دەکات کە تا ئێستاش زیندوون، لەوانەش ئەو چوار مەقامەی لە بەغدا تۆماری کردن، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٥٧ بە سواری پاسێک خۆی گەیاندووەتە بەغدا و لە ئێزگە پێنج مەقامی تۆمار کرد، قەوانی یەک لە مەقامەکانی لەناوچووە، بۆیە تەنها چوار مەقامی ماوە.

هەروەها دەڵێ هەرچەند ئەوکات تۆمارکردن وەک ئێستا نەبووە و مۆسیقاژەنەکانی ئێزگەی کوردی لە بەغدا عەرەب بوون، بەڵام خارە سێوە توانی رەسەنایەتی خۆی بپارێزێ و بەرهەمێک تۆمار بکات بە تامی کوردەواری.

خارە سێوە جارێکی تر هەلی بۆ نەڕەخساوە بچێتەوە بەغدا، د.هاوژین دەڵێ دڵنیایە ئەگەر بۆ جاری دووەم و سێیەم سەردانی ئێزگەی کردبا، لەجێی چوار مەقام، ٢٠ مەقامیشی تۆمار دەکرد. وەک چۆن کەریم شارەزا لە کتێبەکەیدا لەبارەی سێوە نووسیویەتی هونەرمەندەکە خاوەنی ٢٨ مەقامی خۆی بووە.

بەم شێوەیە ئەگەر سێوە تەواوی مەقامەکانی تۆمار کردبا، وەک سڵێوە دەڵێ دەبوو بە قوتابخانەیەکی گەورەی مەقامی کوردی و کاریگەریی زیاتری دەبوو.

بەهۆی ئەوەی سێوەی هونەرمەند لە منداڵیەوە شەمماس و خزمەتکاری کڵێسا بووە و لەژێر کاریگەریی تەرتیلە و سرووتە ئایینییەکاندا بووە، بەتایبەتی تەرتیلەی (نقوم شبیر) کە ڕیتمی هێواشە و لەبارەی خوداپەرستییەوەیە، لە ژیانی هونەریی خۆیدا هیچ گۆرانییەکی شادی تۆمار نەکردووە و هەموو مەقام و گۆرانییەکانی غەمبارن، بەڵام د. هاوژین لە زاری کەریم شارەزا دەیگێڕێتەوە کە خارە سێوە لە سەرەتای پەنجاکاندا چووەتە سلێمانی و هەولێر، ئاهەنگی ساز کردووە، لە ڕێگەدا لەناو پاس گۆرانی و بەستەی شادی گوتووە.


ئەو تێکستانەی سێوە بەکاری هێناون، هەندێکیان فۆلکلۆر و هەندێکیان هی شاعیرانی کورد بوون، بەڵام وەک د.هاوژین باسی دەکات بەگوێرەی پێویستی گۆرانییەکانی و گەیاندنی مەخسەدی، گۆڕانکاری تێدا کردوون، هەروەها سێوە شارەزایی ئایینیشی لە خزمەتی تێکست و ئاوازی مەقامەکانیدا بەکار هێناوەتەوە، وەک ئەوەی دەڵێ (تا حەزرەتی ئیسرافیل دەدات لە نەفخی سورێ و مەنسوری هەلاج تەقەی بێت لە کەوانی، حەزرەتی موسا هەزار و یەک کەلیمەی دەکات لەگەر باری تەعالا لەسەر کێوی تورێ).

سێوە جگە لە کوردی و عەرەبی، زمانەکانی سریانی و فارسی زانیوە، هەروەها شارەزاییەکی لە زمانی فەرەنسییش هەبووە، بەڵام تەنیا بە زمانی کوردی مەقامی تۆمار کردووە، هیچ بەرهەمێکی گۆرانی بە زمانەکانی تر نییە، ئەگەرچی لە کڵێسادا بەردەوام تەرتیلەی بە زمانی سریانی خوێندووە. هەروەها کاتێ لە سییەکانی سەدەی رابردوودا مزگەوتی گەورەی کۆیە نوێ کراوەتەوە، بەئامادەبوونی مەلای گەورە و سەید هادی بەڕێوەبەری ئەوقافی کۆیە، سێوە مەقامێکی ئایینی لە ستایشی خودا و پێغەمبەراندا گوتووە، بەڵام ئەو مەقامە نە تۆمار کراوە و نە دووبارە کراوەتەوە.

پێشتر دەگوترا خارە سێوە بە هەژاری سەری ناوەتەوە و لە سەرما ڕەق بووەتەوە، بەڵام د. هاوژین لە زاری کوڕەکەی سێوە دەیگێڕێتەوە کە هونەرمەند لەماڵی خۆیاندا بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.



مێژووی هونەر لە هەولێر




ئوسامە جەمیل

## هونەر لە شاخدا

ساری ١٩٧٤ کاتەک نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد تێکچوو، دووبارە شۆڕش هەڵگیرسایەوە، بەشەکی زۆری هونەرمەندانی هەولێر چوونە ڕیزی شۆڕش و بوونە پێشمەرگە، لە شاخ تیپی (شۆڕش)یان دامەزراند و کۆمەرەک بەرهەمیان تۆمار کرد، لە ساری ١٩٧٤ لە شارۆچکەی گەڵاڵە ئاهەنگەک ساز کرا و ئەم گۆرانیبێژانە بەشدارییان کرد: ڕەسول گەردی، فوئاد ئەحمەد، حەسەن گەرمیانی، عوسمان عەلی، سەلاح مەجید و عومەر خەزان، ئەندامانی تیپی شۆڕش تەنها هونەرمەندانی شاری هەولێرێ نەبوون، بەرکوو هی هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراقی تێدا بوو، تەنانەت هەندێک لە هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی تێدا بوو، وەکو محەمەد شێخۆ و محەمەد تەیب تاهیر، پاشان ئەو تیپە چووە گوندی وەسانان و لەوێ گۆرانی یاران وەسیەتمی لۆ کەریم کابانی تۆمار کردبوو.

لەگەر نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو تیپە هەروەشاوە و زۆربەی ئەندامەکانی گەڕانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، هەندەکیان دەستیان بە خوێندن کردەوە و بەشەکیشیان دووبارە تیپی هونەری هەولێریان دروست کردەوە، ئەوانی دیکە چوونەوە ناو کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، لە ساری ١٩٧٦ گۆرانی (دوورم لە یاران) لۆ قادر زیرەکی و (حەزم لێکردووی) لۆ محەمەد جەزای تۆمار کرا، لە ساری ١٩٧٧ گۆرانی (شلە خەجێ) لۆ سەلاح کۆیی و (ئازیزم بەیانی) لۆ ئازاد کەریمی و (شیرنێ و لەیلانێ) لۆ تاهیر تۆفیقی تۆمار کرا، لە ساری ١٩٧٨ کۆمەرەک گۆرانی ڕەنگاوڕەنگ لە بەغدا وێنەی گیرا، کە لەلایەن (تیپی هونەری هەولێر) ئامادە و تۆمار کرابوون، وەکی (بلوێری شوان) لۆ تەنیا عارەب عوسمانی و (ئۆف سەلام) لۆ ئیبراهیم سابیری، (بابچینە کوێستان، درۆیە گەر بڵێم ئاگام لەخۆیە) لۆ سەلاح کۆیی و دوو گۆرانی لۆ قادر کابانی و گۆرانییەکیش لۆ مەلا سامانی.

# پێش 100 ساڵ لە هەولێرێ نووسراوی فەرمی بە زمانی کوردی بوو



د. سنوور سەباح

نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش، لە هەولێرێ کە لە رووی ئیدارییەوە لیوا بووە و کەسێک بە پۆستی موتەسەریف حوکمی دەکرد، نووسراوە فەرمییەکان بە زمانی کوردی دەردەکران.

(گڵکەند) دوو نووسراوی ساڵی ١٩٣٣ی بەدەست گەیشتووە، کە بە زمانی کوردی دەرکراون، یەکێکیان لە موتەسەریفی لیوای هەولێرەوە دەرچووە و ئەوەی دیکەش لە قایمقامی قەزای کۆیەوە بۆ موتەسەریفی لیوای هەولێر نێردراوە.

ئەو کاتەی ئەو نووسراوانە بە زمانی کوردی دەرکراون، جگە لە شاعیران و زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکی ئاسایی کورد خوێندەوارییان هەبووە. هەروەها ئەو رێنووسەی ئەوکاتی زمانی کوردی، پڕە لە وشەی عەرەبی، بەڵام بۆ ئەو سەردەم گرنگییەکی تایبەتی هەبووە.

رۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٣٣ موتەسەریفی لیوای هەولێر بڕیارێکی ئیداری دەرکردووە بۆ دوورخستنەوەی فەرمانبەرێک لە کارەکەی لە ناحیەی مێرگەسۆر و دانانی فەرمانبەرێکی دیکە لە شوێنی ئەو.

ناوەڕۆکی فەرمانە ئیدارییەکەی موتەسەریفی لیوای هەولێر بەم شێوەیەیە:

ساعی ناحیەی میرکەسور محمود اغای کڤوک لبراوەی لە وەظیەی استغنای کردوە لە اعتباری ١ اغستوس/١٩٣٢ وە بە ... و لە جیکای او مانکی بە (٣/٧٥٠ دینار) رسول ناجی افندی بە ساعی ناحیەی میرکەسور تعین کرا.

لبر ضرورت اداریە رسول ناجی افندی لە مرکز قضای رواندوزدا استخدام اکری.

نووسراوی دووەم بە ژمارە ٦٣٤٥ لە رۆژی ١٩٣٣/٥/٤ لە قایمقامیەتی قەزای کۆیە بۆ موتەسەریفی لیوای هەولێر نێردراوە و تێیدا داوا کراوە ڕەزامەندیی لەسەر دەستبەرداربوونی فەرمانبەرێک و دانانی کەسێکی دیکە لە شوێنی ئەو بدرێت.

ناوەڕۆکی داواکارییەکەی قایمقامی کۆیە بۆ موتەسەریفی لیوای هەولێر:

لە اعتباری ١/ایار/١٩٣٣ احمد کوری اسماعیل ناوی فراشی داخلیە مرکزی قضامان لە وظیفە انفکاک و بو کرکوک چووە. لە جیاتی ... محمود کوری قادر ناو کە ایستا لە کویسنجقە بو وظیفە مذکورە لە طرفمانەوە تنسیب کراوە.

موافقت فرەونتان بو تعینی و امردان بە اجرای بیویستی رجا ئەکری.

# حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم لەسەر فەردە گوێز چوار کەسی لە کۆیێ دەستگیر کرد



هەرمان خالید

حکوومەتی عێراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨/٧/١٤ - ١٩٦٣/٢/٨) بەهۆی دە فەردە گوێز و چوار کیس شەکری قەند، چوار کەسی لە کۆیێ دەستگیر کرد.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەستەی لێکۆڵەری تایبەت، کە بۆ دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی بەغدای ناردووە، هەریەک لە هاووڵاتییان نەبی مستەفا، حەمەدئەمین عەبدوڵڵا، شەریف عارف و ئیبراهیم عەزیز بەهۆی ئەوەی ١٠ فەردە گوێزیان پێ گیراوە، دەستگیر کراون.

ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە، کە لە کۆیە دەستگیر کراون، بە لێکۆڵەرەکانیان گوتووە، گوێزەکانیان لە گوندەکانی خۆیان لە سنووری قەزای رواندزەوە گەیاندووەتە کۆیە بۆ ئەوەی بیفرۆشن و نەیانزانیوە گواستنەوەی خواردەمەنی لە گوندەکانیانەوە قەدەغەیە.

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی هەمان دەستەدا هاتووە کە پۆلیس هاووڵاتییەکی بە ناوی سەید کەریم سەید ئیبراهیم لە گەڕەکی سەیداوە بەهۆی کڕینی چوار کیس شەکری قەند دەستگیر کردووە.

سەید کەریم سەید ئیبراهیم بە لێکۆڵەرەکانی گوتووە، ئەو کیسە شەکرانەی بۆ کاسبی کڕیوە و ویستوویەتی لە سنووری کۆیە بە قازانج بیانفرۆشێتەوە.

نووسراوەکانی دەستەی لێکۆڵەری تایبەت لە رۆژی ١٩٦٢/١٢/٢٩ بۆ بەغدا نێردراون و تێیاندا ئاماژە بەوە کراوە کە هاووڵاتییە کوردەکان تاوەکو رۆژی ١٩٦٣/١/٥ لە بنکەی پۆلیس راگیراون و چاوەڕێی بڕیاری بەغدان بۆ سزای زیاتر یان ئازادبوون.

وێنەیەکی هەردوو نووسراوەکە جگە لە موتەسەریفیەتی لیوای هەولێر، بۆ فەرمانگە سەربازی و ئەمنییەکانی قیادەی فیرقەی دوو، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیی گشتی، هەواڵگریی سەربازی و پۆلیسی لیوای هەولێر نێردراون.

# ئەو تەمسیلانەی شێوەزاری هەولێریان خۆشەویست دەکرد



دیمەنێک لە تەمسیلی کوردیی تاپۆ حەقی چییە، کە لە ڤیدیۆ وەرگیراوە

عومەر عەلی غەفور

کۆتایی هەفتاکان کاتێک گوندە سنوورییەکان بار کران و راگوێزرانە شار (هەڵەبجە)، رژێم کۆمەڵێک پێداویستی بەسەر ماڵەکاندا دابەش کرد، یەکێک لەوانە تەلەڤزیۆنێکی رەش و سپی شاشە چواردە بوو، کە ئەگەرچی بەردەوام تەرزەی دەکرد و کەم رێک دەکەوت ساف وەریبگرێ، بەتایبەت کەناڵە کوردییەکە (تەلەڤزیۆنی تەئمیم)، بەڵام هەر بەڕاستی نەشئەی خستە ناو ماڵان، گەورە و بچوک بەدیارییەوە دادەنیشتن، تا درەنگانی شەو کە دووایین بابەت (ماددەی شەو) پێشکەش دەکرا و پاش ئەو بە (داڵ)ـەکە و مارشی نیشتمانی کۆتایی بەپەخش دەهات، خۆشترین بابەتیش بەلای ئێمەوە -دوای ئەفلام کارتۆنەکان - تەمسیلی کوردی و فیلمی حەرب و عەسابە و شەڕە شمشێر و ئەو شتانە بوو، فیلمەکان زیاتر بیانی و عەرەبی و هیندی بوون!

بەتەمەنەکان کەمتر بەدیار فیلمەکانی ماددەی شەوەوە دادەنیشتن، زووتر دەخەوتن؛ بەڵام ئەوەی کە هەمووان بەبێ جیاوازی بەدیاریانەوە دادەنیشتن ئەو شەوانە بوو کە ماددەی شەو تەمسیلی کوردی بوو، کە ئێستا پێی ئێژن (درامای کوردی) و هەڵە نەبم زیاتر شەوی سێشەممان پێشکەش دەکرا، هەر بەڕاستی خەڵک ئاشقی ئەو تەمسیلییانە بوون کە لەگەڵ سادەیی تەکنیک و وێنەگرتنیاندا، جگە لە ناوەرۆکە رەخنەییە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانیان، لە ڕووی سیناریۆ و نواندنی ئەکتەرەکانیشەوە لە ئاستێکی بەرزدا بوون و هەر زوو دەچوونە ناو دڵی جەماوەر و کەسایەتییەکانیان ناوبانگیان پەیدا دەکرد و ناوی کارەکتەرەکان و حیوارەکانیان دەکەوتنە سەر زاری خەڵک، بۆ نموونە کورتە تەمسیلییەک هەبوو کابرایەکی لادێیی ناوی (قالە) بوو (رەحمەتی عەباس ژاژڵەیی دەورەکەی دەبینی) لەسەر ئەوەی بەنەزانی لەسەر خەتی پەڕینەوەی شەقام دەوەستێ، پۆلیسی هاتوچۆ دەیگرن، ئەویش هاواری دەکرد هەواڵ بە ماڵەوەیان بدەن کە "قالە لە خەتا گیراوە"، ئیتر ئەو رستەیە کەوتە سەر زاران و هەر کەسێ بەجۆرێ بکەوتایەتە داو دەوترا "قالە لە خەتا گیراوە".

تەمسیلەکان بەپلەی یەکەم هی سلێمانی و هەولێر بوون، لەوانەی سلێمانی: (ژن بەژن، باوەژن خوابناسە، پاڵتۆ، پیسکەی تەڕپیر، پیری ئاخر شەڕ، چەم بێ چەقەڵ نابێ، جەنابی موفەتیش، ئاژاوە، پژمین، دزی زۆرزان، لالۆ کەریم، مەکری ژنان و.. هتد)، لەوانەی هەولێر: (مارەیی، میوان، هەبوو نەبوو، لاس و خەزاڵ، تاپۆ هەقی چییە، ماڵەی سەر گردەکە، خۆتان بگرن هات، گەڕەکەکەمان، کەونە دەرکە، ئاسکە و ... هتد)، کەرکووکیش چەند تەمسیلێکی جوانی لە سەرەتای هەشتاکاندا هەبوو، لەوانە (بەهاری دزراو، مەرەزە) بەڵام پاشتر نەما.

تەمسیلەکانی سلێمانی بۆ ئێمە ئاسایی بوون، چونکە زمان و جلوبەرگیان هەروەک هی هەڵەبجە بوون، بەڵام تەمسیلە هەولێرییەکان تام و چێژێکی زیادەیشیان هەبوو، چونکە هەستت دەکرد جیاوازن، زمان و شێوازی قسەکردن و ستایلی جلوبەرگ و جامەدانی سەریشیان لە هی ناوچەی ئێمە جیاواز بوو و حەزت دەکرد زیاتر بیانناسیت.

من کە ئەوکاتەی ئەو تەمسیلانەم دەدی مێردمنداڵ بووم، لەڕێی ئەو تەمسیلانەوە هەولێر و شێوە قسەکردنی هەولێریم خۆش ویست، بەشێوەیەک کەسایەتییەکانی ناو ئەو تەمسیلانە وا چووبوونە دڵم ئاواتم ئەوە بوو رۆژێ لە رۆژان ئەو ئەکتەرانە و ئەو خەڵکانە ببینم کە بەو زمانە قسە دەکەن.


هەموو ئەو تەمسیلانەی سەرەوە خۆش بوون، بەڵام (هەبوو نەبوو) کە بەتەمسیلی رەجەب پەلکە پاقلەخۆریش ناودەبرا و (تاپۆ هەقی چییە) کە بە تەمسیلی (حاجی یادگار)یش دەناسرا، خۆشترینیان بوون، بەتایبەت (هەبوو نەبوو) کاتێ پەخش کرا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و ناوی (رەجەب)، کە هونەرمەند سەعدوون یونس رۆڵی دەبینی و (شەلەی قۆڵبڕ) کە رەحمەتی سەلام کۆیی رۆڵی دەبینی و (ئۆمەر چاوچنۆک) کە رەحمەتی زاهیر عەبدوڵا رۆڵی دەبینی و حیوارەکانیان، بەزمانی ئەمڕۆ بوون بە (ترێند) و کەوتنە سەر زمانی خەڵک، بەشێوەیەک هەرکەسێ تەماڵ بووایە پێیان دەوت (رەجەب)، بەکەسی ساختەچی دەوترا (شەلەی قۆڵبڕ) یان یەکێ رەزیل و چرووک بووایە پێیان دەوت (ئۆمەر چاوچنۆک)، سەیر ئەوە بوو لەو تەمسیلانە تێر نەدەبووی، جار لەدوای جار تەماشات دەکردنەوە و چێژت لێ دەبینین، تا ئێستایش من چێژ لەو تەمسیلە کۆنانە دەبینم.

ئەگەرچی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا رژێمی گۆڕبەگۆڕ ئێمەی هەڵەبجەیی وەک جۆرە نەفیکردنێک لە دەشتی هەولێر فڕێ دا (گوندەکانی گردەچاڵ و بەروشتر و شاخۆلان) و دوو ساڵ لەوێ ماینەوە، بەڵام دۆخەکە هی ئەوە نەبوو بیر لەو شتانە بکەیتەوە، تا لە نیسانی ١٩٩٥ جارێکی تر بە ئەرکێک گەڕامەوە شاری هەولێر و تێیدا نیشتەجێ بووم و بۆ یەکەم جار تێکەڵ بە خەڵکی هەولێر و زمانەکەیان بووم.

بیرم دێ ئەوکاتە رۆژانی هەینی لە (مزگەوتی سپی) نوێژم دەکرد کە بەڕەحمەت بێ (م. مەلا عەبدوڵا پەلپیتانی) وتاری دەدا، کە بەو زمانە قسەی دەکرد رێک دەچوومەوە جەوی تەمسیلە هەولێرییەکان، بەهەمان شێوە لە جادە و کۆڵان کە لەگەڵ دوکاندار یان دەستگێڕەکان قسەم دەکرد تووشی هەمان حاڵەت دەبووم.. ساڵان تێپەڕین و مانەوە لەو شارەدا زۆر تا کەم کاری لە زمانی منیش کردووە، رەنگە بەبێ ئەوەی خۆم هەستی پێ بکەم، جارێکیان لە بازاڕی هەڵەبجە لەگەڵ برادەرێک لە سەوزە فرۆشێکم پرسی "کەرەوز دەسکی بەچەندە؟"، برادەرەکەم بەسەرسوڕمانەوە وتی "ئەوە چییە!" وتم: چییە؟ وتی: "زوانت گۆڕاوە"، وتم: بۆ؟ وتی: "ئەی بۆ نایەژی وەچەنە، ئێژی بەچەندە!".

ئێستا ئیتر بەئاسایی دەتوانم برێم "عەیب نەبی گندۆرە بەچەندی، ئەدی کودی؟"، "ماستی چێرتان هەیە؟"، "لۆ نابی؟"، "کووی باشی؟"، مناڵەکانم ئەوە هەر هیچ، چونکە لە هەولێر لەدایک بوون و پێگەیشتوون لە دەرەوەی ماڵ زمانیان هەولێرییەکی ئۆریژناڵە، بەڵام کە هاتنەوە ماڵ مەوجەکە دەگۆڕن بۆ هەڵەبجەیی.

زۆر جار خزم و برادەرانی سلێمانی و هەڵەبجە پێم دەڵێن "ئەرێ تۆ هیچ ئیشێکی تایبەتت نییە لەوێ، چی دەکەی لەو غەریبییەی هەولێر؛ بۆ نایەیتەوە؟" پێیان دەڵێم: "ئەوە راستە هیچ ئیشێکی تایبەتم لێرە نییە و دڵیش هەر لای وەتەنی منداڵییە، بەڵام من بەشی هەرەزۆری تەمەنم لە هەولێر بەسەر بردووە و تازە بەکەشوهەوا و کووچە و کۆڵان و دەشت و دەرەکەی راهاتووم، بۆ منداڵەکانیشم ئێرە بووەتە وەتەن و شوێنی یادگارییەکانیان و دۆخێکی نالەبار ناچارم نەکا بەرنامەی بەجێهێشتنی هەولێرم نییە".



شێرزاد هەینی

## نە ئیستسان

زۆر کەم چوومەتە دیوەخان و دانیشتنەکانی ماڵی رەشاد موفتی لە هەولێر، بەڕێکەوت ئێوارەی پێنجشەممەیەک چووم، هێشتا زوو بوو، بوار زۆر بوو لەگەڵ هاوڕێم کەنعان موفتی قسە بکەین، باسی قەڵاتی هەولێر، نووسین، وەزیفە، باداوە و هەندێک بەزمی خۆش بکەین! لەناو قسەکانی سەربوردەکی گێڕاوە، دەبوایە لەناو کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا بوایە.

ئەو گوتی لە ساڵی ١٩٨٢ خەریکی ناونووسین و ژماردنی خانووەکانی قەڵات بووین، دەمانویست بۆ قەرەبووکردنەوە و چۆڵکردنی قەڵات، لیستێک ئامادە بکەین، رۆژانە تیمەکانمان لەناو کۆنە خانووەکان، دیوار، کۆڵانە رووخاوەکان، کەلاوەکان کاریان دەکرد، رۆژێکیان ئەندامانی تیمێکیان هاتنە کنم، گوتیان لەناو خانووێکی بچووکی لاچەپ سەرنشینێک نایەوێت دەرگەمان لێ بکاتەوە و کەسمان ببینێت، دەڵێن ژنێکی بەتەمەنی تەنیای تێدایە، کەم دەردەکەوێت، لەمێژە جیرانەکانیش نەیاندیتوە. ئەگەر نەچینە ژوورەوە، ناو و ناسنامەی وەرنەگرین، هەموو مافەکانی دەسوتێت.

بۆ تێگەیشتن لەو دیمەنە، چووم لەبەر دەرگەکە بەدەنگی بەرز بەناوی دایکم قسەم کرد، گۆتم کوڕی فڵانم دەرکەی بکەوە، ژنەکە کە ناوی دایکمی بیست، زانی کوڕی قازییم، بەخشەخش هات دەرکەی کردەوە، بەتورکی لێی پرسیم «نە ئیستسان» چیت دەوێ؟ ئەمنیش بەتورکی تێمگەیاند کە هاتووین رووبەر و بارودۆخی خانووەکەت ببینین، ناوت بەدروستی بنووسین.

چووینە ژووری یەکەمی خانووەکە، چاومان بەدار و دیوار و ستارەکەیدا خشاند، داوام لە پیرەژنەکە کرد دەرگەی دووەمی ژوورەکەمان بۆ بکاتەوە، تا سەیرێکی بکەین. ژنەکە دەرکەی بۆ کوڕەکەی قازییش ناکاتەوە، سەرکەشانە و مەردانە پێی گوتبوو دەرکەی ئەو ژوورە ناکەمەوە. ئەوە ژووری من و مێردم بوو، تازە بووک بووم، پیاوەکەم بووە عەسکەر، چووە بەغدا، هەر ئەو چوونەی بوو، نەهاتەوە، لە هەراکەی رەشید گەیلانی ئەفسەر و سەرکردەیەکی نەیاری مەملەکەتی عێراق بوو، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو دژایەتی ئینگلیزی دەکرد، یاخی دەبوو، لەناوچوو و نەهاتەوە، ئەوکات تازە بووک بووم. لەو رۆژەوە، لەو چاوەڕوانییەدا مامەوە. لەو رۆژەوە دەرگەی ژوورەکەم نەکردیتەوە، کلیلم لەناو قوفلەکەم نەناوە، هەر چاوەڕوان بووم، بگەڕێتەوە، ژووری هەردووکمان بوو، ژووری منی بووک و زاواکەم بوو، ئەو لەو شەڕەدا، لە عەسکەریی نەهاتەوە، بەڵێنم داوە، بەتەنیا نەچمە ژوورەکە، تا ئەو نەگەڕێتەوە دەرگاکە ناکەمە، بۆ کەسیش نایکەمەوە.

# ژنانی دووگیان لە هەولێر روو لە یۆگا دەکەن



**دنیا سوبحی**

چەند ساڵێکە ژنانی دووگیان لە هەولێر بە کۆمەڵ ڕوو لە یۆگا دەکەن و لەلایەن ژنە ڕاهێنەرێکی ئەمەریکییەوە لە هۆڵێکدا کۆ دەکرێنەوە و جۆرێک لە گرووپی تایبەتیان دروست کردووە، تا لە نزیکەوە ئاگەداری یەکتر بن و جگە لە یۆگا، هەواڵی دووگیانی و دواتریش منداڵبوون بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

یۆگا کە چەند چالاکی و وەستانێکی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحییە، مرۆڤ بۆ ئارامکردنەوەی مێشک و کۆکردنەوەی بیر و هەناسەی قووڵ ئەنجامی دەدات، چەندین جۆری هەیە و لە شوێنە گشتییەکان و لە شوێنی تایبەتیش ئەنجام دەدرێت.

چەند ساڵێکە لە شوێنە گشتییەکاندا لە هەولێر، وەک پارکی سامی عەبدورەحمان یۆگای بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەدیاریکراوی ماوەی سێ ساڵە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی دووگیان لە هەولێر بەسەرپەرشتیی ڕاهێنەرێکی ئەمەریکی دەستیان بە یۆگا کردووە.

برێندا هێرشی ڕاهێنەرێکی یۆگای تەمەن ٣٢ ساڵە، ماوەی ١٠ ساڵە یۆگا دەکات و شەش ساڵیشە بووەتە ڕاهێنەر، بەر لە پێنج ساڵ هاتووەتە هەولێر، خۆشحاڵە کە ژنانی دووگیان بێ پچڕان بەشداریی کڵاسەکانی دەکەن.

برێندا بۆ (گڵکەند) باس لەو ژنە دووگیانانە دەکات کە یۆگا دەکەن و بەشێکیان خەڵکی هەولێرن، ئەوانی تر ژنانی بەشەکانی تری کوردستانن، پەنابەری عەرەب و چەند ژنێکی بیانیشیان لەناودایە.

ئاماژەش بەوە دەکات کە دەیانتوانی لە شوێنی گشتیی وەکو پارکی سامی عەبدورەحمان یۆگا بۆ ژنانی دووگیان ڕێک بخەن، بەڵام ویستوویەتی تایبەتمەندیی ئەو ژنانە بپارێزێت و لە هۆڵی داخراودا لە عەنکاوە کۆیان بکاتەوە، هەندێک جاریش کڵاسی تایبەتی و ئۆنلاین دەکاتەوە.

ئەو ژنە ئەمەریکییە دەڵێ گرووپێکی واتسئاپیان هەیە بۆ ئەو ژنانەی بەشداریی لە کڵاسەکانی یۆگادا دەکەن، لە ڕێگەی ئەو گرووپەوە بەردەوام ئاگەداری یەکتری دەبن و هەواڵی یەکتر دەزانن و لە تەندروستییان دەپرسێتەوە.

ژنان لە هەولێر جار جارە یۆگای ڤینیاسا دەکەن لە پارکی سامی عەبدورەحمان، برێندا دەڵێ ئەم یۆگایە بە خۆڕاییە یان بە خۆبەخشانەیە، هەر ژنێک بیەوێت بڕە پارەیەک بە دڵی خۆی دەدات. هەر لەو شوێنە گشتییەدا یۆگاکانی تراوما ریکۆڤێری و نیدراش دەکەن.

ئەو ڕاهێنەرەی یۆگا پێشتر لە بواری مرۆیی و هاوکاریکردنی ژناندا لە کوردستان کاری کردووە و دەڵێ دواجار بیری کردەوە لە ڕێگەی یۆگاوە هاوکاریی ژنانی دووگیان بکات لە کوردستان و پێی وایە لە ڕووی دەروونی و جەستەییشەوە خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش دەکات.

برێندا دوای ئەوەی لە هەولێر شووی کرد، ماوەی هەشت مانگ و نیوە خۆی دووگیانە و دەڵێ بەم هۆیەوە هەستێکی خۆشتری هەیە کە یۆگا بە ژنانی دووگیان دەکات.

لەبارەی کرێی ڕاهێنانی یۆگاشەوە نمونە بە کارەکانی دێنێتەوە لە یانەیەکی تایبەت بە یۆگا لە عەنکاوە، کە بۆ هەر کڵاسێک بڕی ١٥ بۆ ٢٠ هەزار دینار وەردەگرن.


ئەو ڕاهێنەرە ئەمەریکیە دەڵێ سێ ساڵە خۆی بۆ یۆگا تەرخان کردووە، بەتایبەتی یۆگای چاکبوونەوە لە زەبروزەنگ (Trauma Recovery Yoga). هەروەها لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەک بڕوانامەی لە جۆری جیاوازی یۆگادا بەدەست هێناوە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە زۆرترین داواکاری لەسەر یۆگای تایبەت بە ژنانی دووگیان بۆ هاتووە، بۆیە زۆرترین کات بەم جۆرە یۆگایەوە لە خزمەتی ژنانی دووگیاندا بووە و پێشوەختەش بڕوانامەی (Doula)ی لە بواری یۆگای دووگیانیدا بەدەست هێناوە.

لەبارەی ژمارەی ئەو ژنانەی بەشداریی کڵاسەکانی یۆگا دەکەن دەڵێ ژمارەکە نازانێ، بەڵام جار هەبووە لە یەک کڵاسدا ١٥ ژنی دووگیان بەشدارییان کردووە. ئەوەش باس دەکات کە ئەو ژنە دووگیانانەی بەشدارییان لە یۆگاکەیدا کردووە، دوای منداڵبوون پەیوەندییان پێوە کردووەتەوە و زۆر خۆشحاڵبوون کە کڵاسەکانی یۆگا لە ڕووی تەندروستی جەستەیی و دەروونیشەوە سوودی زۆری پێگەیاندوون.

برێندا لەگەڵ زۆربەی ژنە دووگیانەکاندا بووە بە هاوڕێ، بەتایبەتی لەگەڵ ئەوانەی زۆرتر و بەردەوام سەردانی دەکەن، دەڵێ وای لێ هاتووە ئەگەر نەیەنە کڵاسەکەشی لە تەندروستییان دەپرسێت داخوا لەگەڵ دووگیانیدا بەکوێ گەیشتوون. ئاماژەش بەوە دەکات کە وا هەست دەکات گرووپێکی بچووکی کۆمەڵایەتییان دروست کردووە و لە ڕووی دەروونی و تەندروستیشەوە بەردەوام هاوکاری و پشتیوانیی یەکتری دەکەن، بە هەستێکی خۆشیشەوە دەڵێ زۆربەی ژنەکان دوای منداڵبوون لە گرووپەکەیاندا لە واتسئاپ وێنەی منداڵەکانی خۆیان پێشانی یەکتری دەدەن

جگە لە سوودە جەستەییەکان، یۆگا بووەتە سەرچاوەی پشتیوانیی سۆزداریی بۆ زۆر لە ژنە دووگیانەکان، زۆر جاریش گفتوگۆکان لە کاتی پشووەکان دەگۆڕدرێن بۆ گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و باس لە ئەزموونی خۆیان بۆ یەکتری دەکەن، باسی شەوانی بێخەو و ئازارەکانی جەستەیان، دوودڵیی لە ناونانی منداڵ و پێشنیازەکانی عەرەبانە و کڕینی جلوبەرگی منداڵی ساوا.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی دووگیانی ئەمریکی، یۆگای پێش لەدایکبوون دەبێتە هۆی باشترکردنی خەو و کەمکردنەوەی فشار و دڵەڕاوکێ و زیادکردنی هێز و نەرمبوونەوەی ماسولکەکانی پێویست بۆ منداڵبوون و کەمکردنەوەی ئازاری بەشی خوارەوەی پشت و سکچوون و سەرئێشە. هەروەها مەشقکردن و بەسەربردنی کاتیش لەناو سروشتدا دەتوانێت ئاستی کۆرتیزۆڵ دابەزێنێ و باری دەروونیی ژنانی دووگیان هێور بکاتەوە.



وێنەی برێندا لە کاتی ڕاهێنانی یۆگا

## یاریی تۆپی پێ بەپارەی گۆشتی قەساب

# یاسین تاهیر لە دامەزراندنی یانەوە تا شوفێری پاسی یاریزانان

هێمن ئەسکەندەر

یاسین تاهیر مەعروف ناوێکی دیاری وەرزشی هەولێرە، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یانەی هەولێرە و تا ئەمڕۆ لەوێ کار دەکات. بەم شێوەیە ٥٦ ساڵی تەمەنی بەبێ دابڕان لەگەڵ ئەو یانەیەدا بەسەر بردووە.

یاسین تاهیر بەدەم کارکردنی لە کۆگای یانەی هەولێر، باسی دامەزراندنی یانەکە و یادگارییەکانی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و لە ١٩٦٨/٣/١١ەوە دەست پێ دەکات، ئەو ڕۆژەی لە نزیک شێخی چۆلی بە ئامادەبوونی بەرپرسانی ئیداریی هەولێر لە بارەگای چالاکیی وەرزشی، مەراسیمی دامەزراندنی یانەی هەولێر بەڕێوەچوو، دەڵێ دەستەی دامەزرێنەرانی یانەی هەولێر لە نۆ کەس پێک هاتبوون و یانەکەیان دامەزراند، ئەوکات یانەکانی بروسک و هێرش هەبوون، لەبەر ناوی هەولێر بڕیاریان دا یانەکە بەو ناوەوە دابمەزرێنن.

حاجی ئیبراهیم حەلاق وەک یەکەم سەرۆک یانە دەستبەکار بوو، هەریەک لە فاروق سەید حەسەن، ئەحمەد حەسەن بەنا، یاسین تاهیر، ئەدیب دانیال، ئەیوب مستەفا، نەوزاد شێخ تەیب، عیزەدین حوسێن، بورهان محەمەد و یاسین تاهیر بوون بە دەستەی کارگێڕی یانەکە، یەکەم جار بارەگای یانەی هەولێر لە گەڕەکی شۆڕش بوو، بارەگایەکی نموونەیی لە شوێنی ئێستای یانەی بروسک دروست کرا تایبەت بە یانەی هەولێر، یاریگایەکەشی هەمان ئەو یاریگایە بوو کە ئێستا هی یانەی هەولێرە.

یاسین تاهیر لەبارەی بیرۆکەی دامەزراندنی یانەی هەولێرەوە دەڵێ ڕۆژانە لە شەقامی باتا لە چایخانەی دڵزار کۆ دەبوونەوە لە بەرانبەر سەرتاشخانەکەی ئیبراهیم حەلاق، ئەو کات تیپی میللی ئەنوار هەبوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەنجامەکانی باش دەبوون، باسیان لەوە کرد بۆ ئەو تیپە نەکەن بە یانە، ئیتر دەستیان بە ڕێکارە یاساییەکان کرد لە هەولێر، خۆی و نەوزاد شێخ تەیب چوون بۆ بەغدا و سێ ڕۆژ لە وەزارەتی ناوخۆی ئەوسای عێراق مامەڵەیان تەواو کرد، هاتنەوە هەولێر و یانەکەیان ڕاگەیاند.

ئەوکات وەک ئێستا خولی عێراق نەبوو، بەڵکو پاڵەوانییەتی هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق بەڕێوە دەچوو، هەولێریش ساڵانە بەناوی هەڵبژاردەی هەولێر بەشداریی ئەو پاڵەوانیەتییەی دەکرد.

یاسین تاهیر پێی وایە وەرزشی ئەوسا و ئێستا جیاوازی زۆرە، جاران یاریزان بۆ خۆشی و بەخۆبەخشی یاری دەکرد، ئەوانیش بەیەک گیان کاریان بۆ ناوی هەولێر دەکرد، کەس باسی پۆست و پارە و مووچەی بۆ وەرزش نەدەکرد، ساڵانە ٧٥ دینار بودجەیان هەبوو لە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق. خەڵکانێک هەبوون لە یانەکە مانگانە لەناو شار دەگەڕان خۆبەخشانە پارەیان بۆ یانەی هەولێر کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی پێ ئەنجام بدات، جەژنان شوێنێک هەبوو لە شوێنی ئێستای گازینۆ عەنتەر کە کۆمەڵێک یاری بۆ منداڵان لێ بوو وەکو جۆلانە و کۆمەڵێک یاری تر، پارەکەیان کۆ دەکردەوە بۆ یانەی هەولێر.

ئاماژە بەوەش دەکات کە جگە لە یاری تۆپی پێ، یارییەکانی پایسکیلسواری، باڵە، باسکە، گۆڕەپان و مەیدان و شەترەنجیشیان هەبوو لە یانەی هەولێر.

خۆشەویستیی یاسین تاهیر بۆ یانەکەی وای کردووە هەر کارێک پێویست بووبێت بۆ یانەکەی بیکات، هەر لە یاریزانی و ڕاهێنەری و ئەندامی دەستەی کارگێڕی و سەرپەرشتیاری تیپەکانی تۆپی پێ، باسکە، باڵە و پایسکیلسوارییش، تەنانەت زۆر کات وەک شوفێری پاسی یانەکەش کاری کردووە و یاریزانانی بۆ شارەکانی تری عێراق گواستووەتەوە، ئێستاش لەنێو فەرمانبەرانی یانەکە یاسین تاهیر بە ئاڵای یانەکە بانگ دەکرێت، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بە یانەکەی کردووە، لە ماوەی مانەوەی لە یانەی هەولێر لەگەڵ ١٠ سەرۆک یانەدا کاری کردووە و هیواداریشە تا دواین ڕۆژی ژیانی لە یانەی هەولێر بمێنێتەوە.



یاسین تاهیر لە میانی جامی ئاسیا ساڵی ٢٠١٢ لە هەولێر

یاسین تاهیر کە ئێستا بەرپرسی کۆگای یانەی هەولێرە، یادگارییەکی ساڵی ١٩٧٨ دەگێڕێتەوە، کاتێک یانەکە شوفێری نەبووە، ناچار بووە بۆ گەشتێکی درێژ خۆی ببێتە شوفێر، پاسی یانەی هەولێری لێخوڕیوە تا بەغدا، لەوێشەوە چوون بۆ بەسرە، جارێکی تر لە بەسرەوە چوون بۆ سلێمانی، ئینجا هاتینەوە هەولێر. یاسین تاهیر دەڵێ پاسەکە ١٨ نەفەری بوو، کەچی ٢٥ کەسی تێدا بوو.

یادگاییەکی تری تاڵ و شیرینی ساڵی ١٩٨٨ دەگێڕێتەوە، ئەو ڕۆژەی لە شاری کوت یارییان هەبووە، سامی سەعید ڕاهێنەر بوو و یاسین تاهیر سەرۆکی شاند و شوفێری گەشتەکە بووم، ئەوساکە یەک دینار لە یانەکەدا نەبوو بۆ ئەو گەشتە، بۆیە ناچار بوون پارە کۆ بکەنەوە، یاسین تاهیر دەڵێ «چووین بۆ شێخەڵا بۆ لای حاجی موحسین قەساب کە یەکێک لە کارگێڕەکانی ئەوکاتی یانەی هەولێر بوو، بۆ ئەوەی هەندێک پارەی لێ وەربگرین، پێی گوتین هیچ پارەیەکم پێ نییە دەبێ بوەستن تا هەندێک گۆشت دەفرۆشم و پارەکەتان پێدەدەم، زیاتر لە دوو کاتژمێر لەوێ وەستاین تا هەندێک گۆشتی فرۆشت و بە پارەکەی گەشتەکەمان کرد.»

## عەونی سەید ئەحمەد

# یەکەمین یاریزانی هەولێر لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق

کارزان کانەبی

عەونی سەید ئەحمەد (تەمەن ٧٣ ساڵ) یاریزانی پێشووی تۆپی پێی یانەی هەولێر، یەکەم یاریزانی کورد لە ١٩٧٤ تا ١٩٧٧ گەیشتە ڕیزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق. لە دیدارێکی (گڵکەند) باس لەوە دەکات کە چۆن جاران وەرزشوان بۆ خۆشی و لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆی وەرزشی دەکرد.

لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا زۆربەی خەڵک ئاشنای ناوی عەونی سەید ئەحمەد بوون، ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ یاریزان و ئەستێرەی یانەی هەولێر و یانەی شورتەی بەغدا و شورتەی هەولێر و هەڵبژاردەکانی هەولێر و هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و هەڵبژاردەی عێراق بووە.

عەونی سەید ئەحمەد دەڵێ لە سەردەمی ئەودا وەرزشوان لەسەر گیرفان و ئەرکی خۆی وەرزشی دەکرد، گرێبەست و مووچەیان نەبوو. کەس نەیدەزانی کڕین و فرۆشتنی یاریزان چیە، کاتی خۆی وەرزش بۆ ئارەزوو و خۆشی دەکرا، یاریزان بەخۆی خۆی پێدەگەیاند.

ئەو یاریزانە دێرینەی هەولێر دوای وازهێنانی لە یاریکردن، ڕووی لە ڕاهێنان کرد و دەڵێ «دوای وازهێنانم تیپی شورتەی هەولێرم وەرگرت و لە سەرەتای هەشتاکان ساڵی یەکەم بووینە پاڵەوانی تیپەکانی شورتەی عێراق»، دواتر بووەتە یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەولێر لەگەڵ ڕاهێنەر محەمەد عوسمان، دوای ئەویش بووەتە ڕاهێنەری یانەی تورکمان لەسەر ئاستی کوردستان پلەی دووەمیان هێنا، دواتر یانەی هەولێر و برایەتیشی وەرگرت، بەڵام وەک خۆی دەڵێ «بەهۆی ململانێ و کوتلەکاری تاقەتم نەما» باس لەوەش دەکات کە تووشی هەندێک نەخۆشی بووە و بەیەکجاری لە وەرزش دوور کەوتووەتەوە.


عەونی سەید ئەحمەد

عەونی سەید ئەحمەد یادگارییە خۆشەکانی دەگێڕێتەوە کە وەک یەکەم یاریزانی کورد ساڵی ١٩٧٤ گەیشتووەتە هەڵبژاردەی یەکەمی تۆپی پێی عێراق و دواتر بەهۆی بچووکیی تەمەنیەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق، لە دژی هەڵبژاردەی یەکێتیی سوڤیەتی جاران لە بەغدا یاری کردووە، هەروەها لە پاڵەوانییەتی ئاسیا بەشدار بووە. دەڵێ «ئەوانە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوون».

ئێستاش ڕەخنە لە ئیدارەکانی یانەی هەولێر دەگرێت کە دوای ئەو هەموو ساڵ شارەزایی و خزمەتە بە وەرزشی شارەکە، پشتگوێیان خستووە.

■ خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
■ سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا
■ دیزاین:
ئاراس ئەکرەم
■ لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی
■ دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com

Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

گڵکەند

Issue (7), Sunday 5/1/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند



لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن

دایم ب تەمەڕود و شقاقن

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەک

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژمە ڕا دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت

تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

ئەحمەدی خانی